بسم الله الرحمن الرحيم

**پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ١١-١٢ ) :**


| لاپەڕە | بابەت | ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | بنەوا دەستگرتنە بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە نەك.... | سەرنووسەر |
| ٤ | یادی تۆ | شادية أحمد |
| ٤ | ئەو شەوانەی لەیاد ناکرێن | صەلاح علی |
| ٦ | ئامۆژگاریەك بۆ هەمووان | ڕۆژان جمال |
| ٧ | پشت هەڵکردن لە قورئان | م. پەرژین حسین |
| ٨ | لاوانمان بەرەو کوێ ؟! | کاروان باقی |
| ٩ | حەز دەکەیت بە خوا بگەیت و پلەت بزانی لای خوا ؟ | خيرالله عبيد |
| ١٠ | هەندێك لە ئادابەکانی سوژدەی سەهو | پ. إدريس محمود |
| ١١ | هۆکاری ئارامی دڵت لێرەیە | صباح نجيب |
| ١٣ | گۆڕەپانی ڕۆژ هەڵاتناسی ( بەشی سێیەم ) | م . علی محمد علی |
| ١٥ | ڕێگایەکی ئاسان بۆ دوورکەوتنەوە لە دڵ تەنگی | شالاو لطيف |
| ١٧ | پەیدابوونی شیرك و سەرچاوەکەی | د. کاوە ئەکرم |
| ١٩ | ئاواتی مردووەکان | م. هاوار عبدالله |
| ٢١ | پەیوەندی ڕەوشت بە باوەڕەوە | حيدر عدنان |
| ٢٣ | سوننەت لە نێوان..... | بیلال جەلال |
| ٢٥ | یادخستنەوە | شیلان علی |
| ٢٥ | مرۆڤ و هیوا | دیار فتاح محمود |
| ٢٦ | ئاکاری گفتوگۆ لە قورئان و سوننەتدا | شنۆ علی |


**تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :**

**١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگێراوە ئامارژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت ،و پێش (١٠)ی مانگ بگاتە دەستمان....**

**✍ بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .**

**Zanest@Gawab.com**

**بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :**

**www.ba8.org** بکە.

**سەرنووسەر : عدنان بارام . دەرچوی عربی . صلاح الدين .**

**دەستەی نووسەران :**

**هاوار عبدالله . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار .**

**رزگار محمد . دەرچوی E . صلاح الدين .**

**علي محمد . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار .**

**بيلال جلال . ك . پەروەردەی فیزیا کەلار .**

**سەرپەرشتیاری چاپ : جليل إبراهيم**

**تیراژ : ٦٠٠٠ هەزار**

**خوێنەرانی ئازیز پشوو هۆی دواکەوتنی ژمارەی پێشوو بوو ، بۆیە بمانبورن..**

## بنەوا دەستگرتنە بە كۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ( الجماعة ) نەك پەرتەوازەیی و پارچەگەرێتی !!!

ئەگـەر كەسـێك بڕوانێتــە پــەڕەكانی مێــژووی ئوممــەتی ئیسلامی دەبینێت تووشی چەندەها ئاشووب و دژواری و فیتنە و دووبـەرەكی بـووە ، كـە تێیـدا تـاڵی چەشـتووە ، و ئاشـووبی واشی هـەبووە تـاكو ئیستاش بـە دەستیەوە دەناڵێنێت و تێیدا دەتلێتــەوە ، هــەر ئــەو ئاشـووب و فیتنانەشـە تووشـی سـەدەها قــەیرانی كـردووە ، وای لێكـردووە ببێـت بـە جێگـای تـەماحی دوژمنانی ، وە لە هەوڵی ئەوەدا بن كە هـەموو جۆرە ژەهرێكیان بڕێژنــە ســەری ، لــە لایەكــەوە بێبــاوەڕی و ئیلحــادی تێـدا بڵاوبكەنەوە ، لەولاشەوە ڕەوشتی تاكەكانی هەڵوەشێننەوە ، و لـە لایـەكی تریشەوە بیكـەن بـە شـوێنكەوتەی ئـەم و ئـەو ، و بـە هـەموو شـێوەیەك لـە بیروبـاوەڕی ڕاستەقینەی خۆیـان دووریـان بخەنەوە ، بە جۆرێك چەندەها ڕێچكە و ڕێبازیان تێدا درووست بكەن . بە چەندەها بڕوبیانووی پوچەڵەوە . و هەریەكەیان بایی بێت بە بۆچوونی خۆی و تووشی فیتنەی ئارەزووەكانیان بن ، تا گەشتووەتە ئەو ڕادەیـەی كە ئەگـەر بە بیرێكی ڕۆشنەوە بۆی بڕوانین دەبینین ئەمە نیشانەی تیاچوونیەتی، نەك بەردەوامی !!!

هەر هەموو ئەوەش ڕوویداوە و دەگەڕێتـەوە بۆ كەمتەرخـەمی موسڵمانان لـە دەست گـرتن بـە كۆمـەڵی گـەورەی موسـڵمان ، و هەوڵــدان بــۆ پەرتــەوازەیی و دووبــەركێ و پارچــەگەرێتی بــە بیانووی بێ بنەوا و پڕوپووچەوە ، تەنانـەت گەشتووەتە ئـەوەی كـە كەسانێكی موسڵمانی ساویلكە هـانی خـەڵك دەدەن بـۆ ئـەو كارە ، كە گەشتووەتە ئەوەی كە بە ناو ئاینەوە نەفامی و نەزانی لە ناو موسڵماناندا بڵاو دەكرێتـەوە ، لـە گـەڵ دووركەوتنـەوە لـە تێگەیـشتنی درووسـت لـە سەرچـاوەكانی ئـاین ، لـە ڕۆشـنایی پێشینە پیاو چاكەكان !!! كە ئەمـەش بووەتـە هـۆی خراپكردن و لاوازكردنــی بــارودۆخی موســڵمانان لــە خراپــەوە بــۆ خــراپتر هەرچەندە كەسانێك لافی پێچەوانەی لێدەدەن!!! بەڵام ئەو خراپی و دژوارییە لەلای هیچ خاوەن هزرو ژیرییەك شاراوە نیە .

حاڵ و باری موسڵمانانیش لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و لە كاتی كۆچكردنیدا بەو شێوە بووە كە پێشەوا ( البغدادي ) . بە ڕەحمـەت بێـت . فەرموویـەتی : موسـڵمانان لـە كـاتی كـۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەر یەك ڕێباز و پەیڕەو بوونـە لـە ئوصوڵ و فروعدا ، جگە لەوانەی كە ئیسلامیان ئاشكرا كردبوو ، كەچی لە ناوەوەش دووڕوو و مونافیق بوون ( الفرق بين الفرق : ص ١٢ ).

وە پێشەوا ( الشاطبي ) یش . بە ڕەحمـەت بێت . لـەم بارەیـەوە فەرموویەتی: ئاینی ئیسلام لـە زیادبوون و بەردەوامیدا بووە بـە درێژایی سەردەمی ژیانی پێغەمبـەری خوا ﷺ ، و دوای مردنـی ئەویش ، و زۆربـەی سـەردەمی هـاوەڵانیش ، تـاكو دەرچـووان لـە سـوننەت تیایانــدا ســەری هەڵــدا ، و كەوتنــە شــوێن بیدعــە گومــڕاكارەكان ، وەكو بیدعەی قەدەری و بیدعەی خەواریجەكان ( الاعتصام : ١ ص : ١٧ ــ ١٨ ) .

وە گومـانیش لـەوەدا نیـە كـە یـەكگرتن و یـەكبوون و یـەك كۆمـەڵی موسـڵمانان و كـۆڕا بوونیـان ، كلیلـی چارەسـەری ئـەو هــــەموو دژواری و لاوازی و پەرتــــەوازەیی یــــە ، و هۆكــــاری گەڕانەوەی سەروەری و پێشەنگی ئوممەتە ، بۆیە دەبینین خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی ﷺ هانی موسڵمانانیان بۆ داوە ، بەوەی كە دەست بگرن بە كۆمـەڵی گـەورەی موسڵمانانەوە، و لـە ژێـر سـێبەریدا بـژین ، و ئامۆژگاریـان بكـەن ، و پارێزەرییـان بـۆ بكـەن ، و ئـارامی و ئاسـایش بـن بـۆ دۆسـتانی ، دوژمـن و بەرهەڵـستكاری دوژمنـانی بـن ، ئـەم گرنگـی پێدانـەش لـە بـەر گرنگی گرنگی پێدراوەكەیە ، لە گەڵ گـەورەیی پلە و پایـەی لە ئایندا، و سودمەندێتی ، چونكە پەیوەندی موسڵمانانە و پتـەویان لــە پتــەوی ئەوەدایــە ، لاوازیــشیان لــە لاوازی ئەوەدایــە ، تیایــدا موسڵمان دەتوانێ بە ئارامی پەروەردگاری خۆی بپەرستێت .

هاوەڵی بەڕێز ( ابن عباس ) فەرموویەتی : (( الجماعة ، الجماعة ، إنّما هلكت الأمم الخالية بتفرّقها ، أمــا سمعت الله عزّ وجلّ يقــــول : ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ )) ( تفسير ابن أبي حــاتم : ٢ / ٤٥٥ ) ، واتە : ئامان دەس بگرن بە كۆمەڵی گەورەی موسڵمانان ، ئامان

دەس بگرن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان ، وە ئەوەش بزانن کە ئوممەتانی ڕابردووی پێش ئێوە بە پەرتەوازەیی و تەفریقەکردنیان لە ناوچوون ، ئایا نەتبیستووە کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ .

بۆیە دەبینین پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەیەوە لە چەندەها فەرموودەیدا گرنگی ( الجماعة ) ەی خستووەتە ڕوو ، کە ئەمەی خوارەوە هەندێکیانن :

**یەکەم :** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئەوەی کە بستێك لە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان دووربکەوێتەوە و جیابێتەوە ، ئەوا تەوقی ئیسلامی لە گەردنی خۆی داماڵکاندووە ( داکەندووە ) ( أبو داود : ٤٧٦٠ ، باب في قتل الخوارج ) .

**دووەم :** وە فەرموویەتی : بە دڵنیاییەوە خوای پەروەردگار ئوممەتەکەم لە سەر گومڕای کۆناکاتەوە ، وە خوای پەروەردگار پارێزەر و سەرخەر و پشتیوانی ئەو کۆمەڵە گەورەیەی موسڵمانانە کە موسڵمانان لە سەری هاودەنگن ، ئەو کەسەش کە تاك بێتەوە،دەڕواتە دۆزەخەوە" ( صحيح سنن الترمذي رقم : ٢١٦٧ للألباني)

**سێیەم :** هەروەها فەرموویەتی : " من خرج من الطاعة وفارق الجماعة ، فمات مات ميتة جاهلية " ( رواه مسلم ١٨٤٨ ) ، واتە : ئەو کەسەی کە لە گوێڕایەڵی کاربەدەستی موسڵمانان دەربچێت ، و جیابێتەوە لە کۆمەڵی گەورەیان ، و بەو شێوەیە بمرێت ، ئەوا مردنێکی نەفامیانەی کردووە .

لە ڕوانگەی ئەم فەرموودانە و دەیەها فەرموودەی ترەوە زانایان لە داڕشتن و نووسینی بنەواکانی ئەهلی سوننە و جەماعەدا فەرموویانە : دەستگرتن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان ( لزوم الجماعة ) و دەرنەچوون لێی ( عدم الخروج ) بنەوایەکە لە بنەواکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە ، دەرچوون لێی سیفەتی تاقم و گرووپە گومڕا و لاڕێکانە ، وەکو خەواریج و موعتەزیلە و هاوشێوەکانیان ، پێشەوا ( البربهاري ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەو بارەیەوە فەرموویەتی : (( اعلم أن الإسلام هو السنة ، والسنة هي الإسلام ، ولا يقوم أحدهما إلا بالآخر ، فمن السنة ؛ لزوم الجماعة ، و من رغب غير الجماعة ، وفارقها ، فقد خلع ربقة الإسلام من عنقه،وكان ضالا مضلا )) (شرح السنة ج ١/ ص ٢١) .

واتە : بزانە کە ئیسلام بریتیە لە سوننە ، و سوننەش بریتیە لە ئیسلام ، هیچ یەکێکیان بێ ئەوی تریان نایکرێت ، دەست گرتنیش بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە بەشێکە لە سوننە ، ئەو کەسەش لە سوننە لابدات و دوور بکەوێتەوە ، ئەوا تەوقی ئیسلامی لە گەردنی خۆی داکەندووە ، کەسێکی گومڕا و گومڕاکار دەبێت .

هەروەها پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام ( ابن تيمية ) فەرموویەتی : (( من أصول أهل السنة والجماعة لزوم الجماعة )) ( الفتاوى ( ٢٨/ ١٢٩ ) ، واتە : لە بنەواکانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، دەست گرتنە بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان .

وە فەرموویەتی : (( كلّ ما أوجبَ فتنةً وفرقةً ، فليس من الدين سواءٌ كانَ قولاً أو فعلاً )) (الاستقامة : ١/ ٣٧ ) . واتە : هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی ئاشوب و تەفریقە ، ئەوا لە ئایین نیە ، بە یەکسان بوونی ئەوەی کە ئەو شتە گوفتار بێت یان کردار .

وە شێخ ( صالح آل الشيخ ) ـ خوا بیپارێزێت ـ فەرموویەتی: وە ئەو بنەوایەش کە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك پەیڕەوی بکەن ئەوەیە کە دەست بگرێت بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، پێش ڕوودانی جیاوازی لە نێوانیان ، چونکە ئەو تەفریقەی کە ڕوویداوە و هێنراوەتە کایەوە لەم ئوممەتەدا نابێت و دروست نیە دانی پێدا بنرێت ، و بەوە چارەسەر بکرێت بە دروستکردنی چەندەها کۆمەڵی نوێ ، بۆیە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانان ، دەست بگرن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە پێش ئەوەی کە کۆمەڵەکەیان تێك بچێت( شرح العقيدة الطحاوية ، للشيخ صالح آل الشيخ : ج ١ / ص ٣٤٧ ) .

کۆتایی باسەکەش بە ووتەیەکی پێشەوا ( ابن القيم ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دێنم کە فەرموویەتی: ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە ڕێگای گەیشتن بە خوای پەروەردگار یەکە ، هەر بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەش پێغەمبەرانی ـ عليهم السلام ـ ناردووە ، و

كتێبە ئاسمانیەكانی دابەزاندووە ، وە كەس جگە لەو ڕێگەیەوە نەبێت ناتوانێت پێی بگات ، ئەگەرچی خەڵكیش لە هەر ڕێگایەكی ترەوە بۆی بێن ، و لە هەر دەرگاریەكەوە لە دەرگای بدەن ، ئەوانە ڕێگاكانیان لە سەر گیراوە ، و دەرگاكانیان لە سەر داخراوە ، جگە لەم تەنها ڕێگایەوە نەبێت ، بێگومان هەر ئەویشە پەیوەستە بە خوای پەروەردگارەوە ، وە تەنها ڕێگەیشە بۆ گەیشتن بە خوای پەروەردگار .

سەرنووسەر

## یادی تۆ

خودایا من گشت چركە و كاتێ
لە یادی تۆدام نابڕێم ساتێ
ئەم دڵە گچكەم چەند بكات فیكرت
هەرگیز تێر نابێت لە یاد و زیكرت
من كە ئەمەوێ تۆ خۆشمت بوێ
بەڵێن ئەدەم كە قەت دونیام نەوێ
ئەگەریش بینیت جارێك دونیام ویست
ئەوا بزانە گەورەی خۆشەویست
چونكە لە دونیا چاكەم لە دەست دێ
ئەتوانم وابێ تۆم لێ نەڕەنجێ
ئەگەر بینیت چاكەم لە دەست هات
ئەوا موشتاقم بگەم بە لیقات
ئەمجا بۆ ئەوەی بگەم بە بەهەشت
بۆ بەختەوەری پڕ ناز و نیعمەت
هەموو ژیانم لە ڕێی تۆ سەرف كەم
لەوەش زیاتر بێت هیچ منەت ناكەم
چونكە بەهەشتت هێندە بەرینە
بە گشت كردەوەم ناگەم بەو ژینە
مەگەر ڕەحمەتێك لە لایەن خۆت بێ
لوتف و بەزەییت فریاد ڕەسم بێ

شادیە أحمد صالح . ك . پ . كەلار . كوردی

## ئەو شەوانەی لەیاد ناكرێن

خۆشەویستانم : دوو شەو هەیە كە هەموو موسڵمانێك لە هزر و خەیاڵ و بیر و هۆشیدا هەن ، ئاخۆ ئەم دوو شەوە كەی بێت ؟ تۆ بڵێیت هەر دوو شەوی ئاسایی بێت ؟ نەخێر شەوێكیان ئەو شەوەیە لەماڵە فراوانەكەی لەگەڵ منداڵ و خێزانەكەیدا بەخۆشی و پێكەنین و خەندە بەسەری دەبات ، دڵ خۆش و ئاسودەیە و لە ئەوپەڕی تەندروستی باشدایە ، بەڵام شەوەكەی تر ؟ ئای چ شەوێكە ؟ مردن یەخەی پێدەگرێت و دەیبات بۆ گۆڕستان و لەماڵە فراوانەكەیەوە بۆ ناو چاڵێكی تەسك و تاریك دوور لەخزم و خۆشەویستان ، دەگوازرێتەوە لەشوێنی نوستن و ڕابواردن و خواردن و ئەو جێگایەی كە دڵی پێدەكرایەوە بۆ شوێنێك : بەتەنیایی ، و بێ كەسی ، بێ دۆست ، نە منداڵ ، نە خێزان ، نە خزم ، نە دۆست ، هیچ كەسێكی لێنیە ، ماڵ و منداڵ و موڵكەكەت تا سەر قەبرەكە لەگەڵت دێن و كە كرتیانە ناو قەبرەكەوە خوا حافیزیت لێ دەكەن ، تاكە شتێك كە بمێنێتەوە لەگەڵت یەك شتە ، تەنها كردەوەكانتە كە هاوڕێتە لەم سەفەرە دوور و درێژەدا ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ ثُمَّ رُدُّوا إِلَى اللَّهِ مَوْلَاهُمُ الْحَقِّ أَلَا لَهُ الْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ الْحَاسِبِينَ ﴾ (الأنعام : ٦٢) ، واتە : پاشان خەڵكی هەموویان گەڕێنرانەوە بۆ لای خوا كە سەروەری ڕاستەقینەیانە ، ئاگاداربن كە حوكم و فەرمانڕەوایی هەر بەدەست ئەوە و لەماوەیەكی كەمدا لە هەموان دەپرسێتەوە .

ئازیزانم : یەكەم شەوی ناوگۆڕ.. زۆر لەزانایان و پیاو چاكان بۆی گریاون ، وە خۆشی و خەندەی لەسەر لێویان تۆراندووە ، وە زۆر لێی ترساون ، باشە ئەی خوایە گیان دەبێت ئێمە بۆ ئەوەندە دڵ ڕەق بین و لەبیرمان چوبێتەوە ؟!!

ئازیزانم : لە بەرائەوە دەفەرموێت : لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دا بوم لە گۆڕستانی شاری مەدینە كۆمەڵێك خەڵكی بینی فەرمووی ئەوە بۆچی ئەو خەڵكە كۆبونەتەوە ؟ پێی وترا خەریكن گۆڕ هەڵدەكەنن ، ئەفەرموێت كە ئەمەیان پێی وت ترسی لێ نیشت و بەپەلە ڕۆیشت تاخۆی گەیاندە ئەو گۆڕە و بەسەر ئەژنۆدا كەوت وتەماشای ناو گۆڕەكەی دەكرد وە منیش خۆم گەیاندە لای تا بزانم پێغەمبەر ﷺ چی دەكات ئەفەرموێت تەماشای پێغەمبەرم كرد ﷺ

تەماشای گۆڕەکەی دەکرد و دەگریا و فرمێسك لەچاوی دەهاتە خوار تا ڕیشی تەڕ دەکرد ، ئینجا ڕوی کردە ئێمەو فەرموی : " يا إخواني لمثل هذا اليوم فاعدوا " ( رواه أحمد و حسنه العلامة الألباني في صحيح الجامع بـرقم : ٧٨٤٤ ) ، واتە ئەی برایانم بۆ ڕۆژێکی ئاوها خۆتان ئامادەبکەن .

خۆشەویستانم : چ شوێنێك هەیە لە دونیادا تاریکتر لەناو گۆڕ ؟ ئایا چ تەنیاییەك هەیە تەنیا تر لەناو گۆڕ ؟ ئایا چ جێگایەك هەیە دورتر لەناو گۆڕ ؟ توخوا با کارێك بکەین پێش ئەوەی ئەم ساتەمان بەسەربێت کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٩٩ ، ١٠٠ ) ، واتە : کاتێ مردن دەیانگاتێ ئینجا پەشیمان دەبنەوە و دەڵێن خوایە بمانگێڕەوە بۆ دونیا . بەڵکو کاری چاکە دەکەین و ئەو هەڵانەی کە لە دەستمان چوو لەمەودوا لەدەستی نەدەین . نەخێر ئەوە تەنها وشەیەکە کە خۆی دەیڵێت ، بەڵکو دەبێت لەژیانی بەرزەخ ( ناو گۆڕ ) چاوەڕێی ڕۆژی زیندوو بونەوە بکەن .

نەخێر ... نەخێر ئێستا بۆ خۆت حیسابێك بکە ... ئێستا تۆبە بکە و بگەڕێوە لای خوای گەورە و بە بەزەیی ، ئێستا وازبهێنە لە گوناهو تاوان .. ئێستا دەست بکە بە ئامادەکردنی تێشوی چاك هەتا زمانت تەڕە کاربکە بۆ ئەوەی بەکەڵکت بێت لەوکاتەی کە زمانت وشکە ، ئەو شەوەی کە لەخۆشی و شادیدایت کارێك بکە تاکو بەرهەمەکەی لەو شەوەدا دیاربێت کە لە ناو گۆڕ دای .

بەڕاستی خۆشبەختی بۆ ئەوەی کە لە ژیاندا گوێڕایەڵی خوا دەکات و بەو گوێڕایەڵیەوە دەگاتە خزمەت خوا وە هاوار و نەگبەتی بۆ ئەو کەسەی کە لە سەرپێچی خوادا ژیانی کۆتای دێت ، ئازیزانم هەمووومان دڵنیاین کە هەر دەبێت بمرین و کەسمان کاتی مردنەکەی خۆمان نازانین ئەی توخوا کەوا دەزانین ئەی بۆچی و تاکەی بەخوماندا ناچینەوە ؟!!

سوێند بەخوا بەرگەی دۆزەخ ناگرین . بەخوا ئاگری دۆزەخ زۆر لەوە بەتینترە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە و بەخەیاڵماندا دێت ، پێغەمبەری نازدار ﷺ دەفەرموێ بچنە گۆڕستان بۆ ئەوەی مردنتان یادی بکەوێتەوە ، کەچی ئێمەی بێئاگا لەسەر گۆڕەکان کاری نابەجێ دەکەین و گوێگرتنمان لەگۆرانی و خواردنی جگەرە و ... هتد دەڵێی هەرگیز نامرین و ناچینە ناو ئەو گۆڕە !!!

خەلیفەی موسڵمانان عوسمانی کوڕی عەففان رضي الله عنه ئەگەر بگەیشتایە بەگۆڕێك تەماشای دەکرد و دەگریا تاڕیشی تەڕ دەبوو پێیان دەوت بۆ ئەوەندە دەگری بەبینینی گۆڕ ، کەچی بەباسکردنی بەهەشت و دۆزەخ ئەوەندە ناگریت ؟ فەرمووی گوێم لەپێغەمبەر بوو ﷺ دەیوت گۆڕ یەکەم قۆناغی ڕۆژی دواییە ئەگەر بەندە لێی ڕزگار بێت قۆناغەکانی تر ئاسانە ، بەڵام ئەگەر تیابچێت قۆناغەکانی تری سەختترە .

بەڕاستی یەکەم شەوی ناوگۆڕ زۆر لەوە ترسناکترە کەباسی دەکەین بۆیە بەڕاستی پێویستە هەوڵی بۆ بدەین سەردانی گۆڕستان بکەین بۆ ئەوەی تۆزێك دڵمان نەرم بێت ، چونکە سەرقاڵ بونمان بەدنیاوە دڵمانی زۆر ڕەق کردووە بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی سەردانی بازاڕ و پارکەکان دەکەین یەك لەسەر چواری ئەوە سەردانی گۆڕستانمان بکردایە دڵمان بەم شێوەیە ڕەق نەدەبوو ، خوای گەورە پەنامان بدات .

**صەلاح علی قادر ك.پ.کەلار.جوگرافیا**

---

زانای پایەبەرز ابن القيم (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ :

ڕاگەیاندنی سوننەتی پەیامبەر ﷺ بە خەڵکی باشترە لە گەیاندنی تیر بە گەردنی دوژمنان ، چونکە ئەمەیان زۆر کەس ئەنجامی ئەدات ، بەڵام گەیاندنی سوننەت تەنها میراتگران و جێنیشینانی پێغەمبەران لە نێو ئوممەتەکانیاندا پێی هەڵدەستن ، خوای گەورە بە بەخشندەیی خۆی لەوانەمان بگێڕێت .

# ئامۆژگاریەك بۆ هەمووان

( بەشی یەکەم )

بۆ هەر موسلمانێك کە ئەم نووسراوە دەبینێ ، خوا ڕێگای بەندە ئیمان دارەکان بۆ ئێمە و ئەوانیش ئاسان بکات ، و خوا پەنای ئێمە و ئەوان بدات لەڕێگای ئەوانەی خەشمی لێ گرتون وە ڕێگای ئەوانەش کە گومرابوون ئامین . سەلام و مهرەبانی وبەرەکەتی خواتان لە سەر بێ ، لە دوای ئەوە : پێویستە ئامۆژگاری و ڕێنمونیتان بکەم بە تەقوا و ترسی خوا و هاندانتان بۆ ئەو شتانەی کەسودی دنیا و ڕۆژی دوایی هەیە بۆتان و ئاگادارکردنەوەتان لەوەی لەدنیا و ڕۆژی دوایی زیانتان پی دەگەیەنێت بە جێبەجێکردن و کارکردن بەو ووتەی خوای پاك وبێگەرد لە پەرتوکە بەرێزەکەی دا ﴿ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ ( المائدة : ٢ ) واتە : کۆمەکی یەکتری بکەن ( ئەی بروا داران لەنێوان خۆتان ) لەسەر چاکە و کردەوەی چاك و پارێزگاری کۆمەکی یەکتری مەکەن لەسەر تاوان و دەست درێژی . ئاگاداری بەزاندنی سنورەکانی خوا بن . و لەخوا بترسن بێگومان خوا تۆڵەی سەختە . وە وتەی خوای گەورە : ﴿ وَالْعَصْرِ إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴾ ( العصر : ١ – ٣ ) واتە سوێند بە کات یان نوێژی عەسر ئادەمیزاد لەخەسارەت مەندی دایە جگە لە وانەی بروایان هێناوە و کردەوەی چاك دەکەن و ئامۆژگاری یەکتری دەکەن بە پابەند بوون بە حەق و ئامۆژگاری یەکتری دەکەن کە ئارامگربن .

خوای پاك و بەرز فەرمانی کردوە لەسەر چاکە و پارێزگاری وە ئاگاداری کردوینەتەوە کە خۆمان بپارێزین لە کۆمەکی کردن لە سەر خراپە و دەست درێژی وە پەیمانی داوە هەرکەسێك پێچەوانەی ئەوە بکات بەتوندترین سزا و تۆڵە سزای دەدات .

وە لەو سورەتە کورتە ( سورة العصر ) دا خوای گەورە هەواڵی داوە خەڵکی دوو بەش و تاقمن : خەسارۆ مەند ( دۆڕاوەکان ) سەرکەوتوەکان ( براوەکان ) وە ڕونی کردۆتەوە براوەکان ئەوانەن کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاك دەکەن و ئامۆژگاری یەکتردەکەن و پەیوەستن بە حەق و ئامۆژگاری و فەرمان بە یەکتری دەکەن بە ئارامگرتن ، هەر کەسێك ئەو چوار سیفەتانەی تەواو هەبوو ئەوا لەو کەسانەیە کە سەرکەوتن و بەختەوەری نەبڕاوە و سەربەرزی ، و رزگار بوونی دنیا و دواڕۆژی بە دەست هێناوە ، وە هەر کەسێك شتێکی لەو سیفەتانە لەدەستبدات بەقەد ئەو لەدەست دانە سەرکەوتن و سەرفرازی لە دەست دەدات توشی زەرەر و زیان و خراپەکاری دەبێ بەقەدەر ئەو کەمتەرخەمی و بێ ئاگایی و پشتهەڵکردنەی لە ئەو واجبانەی کە لەسەری پێویستن ، لە خوا بترسن ئەی بەندەکانی خوا ، خۆتان برازێننەوە بە ڕەوشتی سەرفرازان وە ئامۆژگاری یەکتری پێ بکەن ئاگاداربن و خۆبپارێزن لە ڕەوشتی زەرەرمەندان و کردەوەی خراپەکاران کۆمەکی بکەن لەسەر دورکەوتنەوە و تەرککردنی و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لێ یان ، ڕزگارتان دەبێ و سەرئەنجام تان باش و سوپاس کراو دەبێ .

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت : " دین ئامۆژگاریە ، دین ئامۆژگاریە ، دین ئامۆژگاریە " . وترا بۆ کێ ؟ فەرمووی : " بۆ خوا و پەرتوکەکەی و پێغەمبەرەکەی و پێشەوای موسڵمانان و خەڵکی بەگشتی " ( رواه مسلم ) گرنگترین کار کەپێویستە ئامۆژگاری و فەرمانی یەکتری پێ بکەن بەگەورە ڕاگرتنی پەرتوکی خوا و سونەتی پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ وە پەیوەست بوون و دەست گرتن پێیانەوە و بانگەوازکردنی خەڵکی بۆ ئەمە لە هەموو بارودۆخێك دا ، لەبەرئەوەی بەندە بەختەوەر و ڕێنمونی کراو و ڕزگاری نابێ مەگەر بە بەگەورە ڕاگرتنی پەرتوکی خوا و سونەتی پێغەمبەرە ئەمینەکەی نەبێ ﷺ بە باوەڕ بوون و ووتە و کردەوە کردن پێ ی ، بەردەوام بوون و ئارام گرتن لە سەری تا مردن .

خوای پاك و بێ گەرد فەرمانی کردووە بە بەندەکانی کە گوێرایەڵی بن وە گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بن ﷺ وە هەموو چاکەیەکی بە وەوە بەستوەتەوە ، وە هەڕەشە دەکات لە هەر کەسێك کە یاخی بێ و سەرپێچی خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات بە جۆرەها سزا وسەرشۆڕی لە دنیا و ڕۆژی دوایی دا خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ ﴾ ( النور : ٥٤ ) ، واتە پێیان بڵێ گوێ ڕایەڵی خواو گوێ ڕایەڵی

پێغەمبەر بن ﷺ خۆ ئەگەر پشتیان هەڵکرد ئەوا تەنها ئەوەی دراوە بەسەری دا لێ ی بەرپرسە وە ئێوەش لە وەی دراوە بە سەرتان دا بە پرسن ئەگەر گوێڕایەڵیبن هیدایەت وەردەگرن پێغەمبەر ﷺ تەنها ڕاگەیاندن و ئاشکرا کردنی لەسەرە .

وە دەفەرموێ ﴿ وَهَذَا كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٥ ) واتە ئەم کتابە پیرۆزەمان دابەزاندوە شوێنی بکەون خۆتان بپارێزن لە سەر پێچی کردنی بەڵکو خوا ڕەحمەتتان پێ بکات .

وە فەرمویەتی ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ( النور : ٦٣ ) واتە : بائاگاداربن و بترسن ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ دەکەن لەوەی کە توشی تاقیکردنەوەیەکی سەخت یان توشی سزا یەکی بەئازار ببن .

وە فەرمویەتی : ﴿ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ ( النساء : ١٣ ) ، واتە : ئەمانە سنوری خوان هەر کەسێك گوی ڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بێ ﷺ دەیخاتە ناو بەهەشتانێك کە روبارەکان بە ژێری دا دێن و دەچن وە تێ ی دا دەمێننەوە ئەوەش سەر کەوتنێکی زۆر گەورەیە .

وە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ ﴾ ( النساء : ١٤ ) ، واتە : هەرکەسێك سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات و سنوری خوا ببەزێنێت دەیخاتە ئاگرەوە تێ ی دا دەمێنێتەوە و سزایەکی ڕیسوا کەری بۆ هەیە .

لەم ئایەتە ڕۆشنانەدا فەرمان کراوە بە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ وە هانمان دەدات شوێن پەرتوکی ڕون و ئاشکرا ( قورئان ) بکەوین ڕێنمونی و مهرەبانی و چونە بەهەشتی بەستۆتەوە بە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر ﷺ وە شەڕ و ئاژاوە وسزای سەرشۆڕکەری پەیوەست کردوە بە سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، ئەی موسڵمانان ئاگاداربن و بترسن لەوە ی کە خوا ئاگاداری کردونەتەوە لێی ، پێشبڕکێ بکەن لە جێ بەجێ کردنی ئەوەی فەرمانتان پێ کراوە ( لەلایەن خوا و پێغەمبەرەوە ﷺ ) بەدڵسۆزی و ڕاستگۆیانە بە ئارەزو یان لەترسان هەموو چاکەیەك بە دەست دەهێنن و دوور دەبن لە هەموو خراپەیەك لە دنیا و ڕۆژی دوایی .

سەرچاوە : ( مجموع فتاوی شیخ ابن باز ) .

**ڕۆژان جمال . کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان .بەشی مێژوو**

## پشت هەڵکردن لە قورئان

الحمد لله و الصلاة علی رسول الله و بعد ...

وازهێنان لە قورئان و پشت تێکردنی چەند جۆرێکی هەیە :

١. پشت تێکردنی : گوێی بۆ ناگرێت و ئیمانی پێ ناهێنێ .

٢. پشت تێکردنی : کاری پێ ناکا و گوێ ناداتە حەرام و حەڵاڵی ، ئەگەرچی خوێندبێتیشیەوە ، ئیمانی پێناهێنێ .

٣. پشت تێکردنی : حوکمی پێناکات لە هەموو ڕوویەکەوە ، بڕوای وایە کە ئەمە شتێکە تەنها ووتەیە و باوەڕ پێ کراو نیە .

٤. پشت تێکردنی : لێی ووردنابێتەوە تا بزانێت خوا چی پێمەبەستە .

٥. پشت تێکردنی : بۆ نەخۆشی دڵ و دەروون سوودی لێ نابینێت وپشتی تێدەکات ، بەڵکو ڕوو دەکاتە غەیری قورئان و سوود لە قورئان وەرناگرێت .

ئەمانە هەر هەمووی لەم ئایەتە دەردەکەوێت : ﴿ وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا ﴾ ( الفرقان : ٣٠ ) .

واتە : پێغەمبەر ﷺ سکاڵا دەکات و دەفەرمووێ : پەروەردگار بەراستی قەومەکەم وازیان لەم قورئانە هێناو پشت گوێیان خست .

ئەوانەش کە باسکرا هەر هەمووی پشت کردنە لە قورئان ، سەرەڕای بوونی جیاوازی لە نێوانیاندا .

**م. پەرژین حسین . دەرچووی.صلاح الدین**

## لاوانمان بەرەو کوێ ...؟!

### بەشی یەکەم

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار ، درود و سەلام لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەری نازدار محمد ﷺ لەپاشاندا :

برای لاوم ... نازانم چۆن قسەکانم دەست پێ بکەم لەگەڵتا ... ناشزانم چۆن لە هەستەکانمت بگەیەنم ... چەند هەستێکی لێك ئاڵاو و هەمە جۆر ... جارێك لە خۆشەویستیم بۆ تۆ ... و جارێك لە دڵسۆزیما ... و جارێك لە ئامۆژگاری و ڕێنمویمە بۆ تۆ . لەوانەیە بڵێت : تۆ کێیت تاکو ببی بە ئامۆژگاری کارم ؟ ئەڵێم : ئەوە بەس نیە کە دڵسۆزی تۆم ؟! ئایا هەر دڵسۆز نیە کە لە خۆشەویستەکەی دەترسێت و ئاواتی بەختەوەری و خۆش گوزەرانی بۆ دەخوازێت ؟ بۆچی سەرت سوڕ دەمێنێت لێم منیش لاوێکم وەکو تۆ وە ئەم چەند ووشەت پێشکەش دەکەم و ئەمەیش هەستی منە بۆ تۆ ؟!

برای لاوم ... سەیری ژیانی زۆرێك لە لاوانی هاوتەمەنم کرد شتی سەیرم بینی ... هەندێکیان باوەشیان کردۆتەوە بۆ تاوان و خراپەکاری ، وە هەنگاونان بەرە و خۆشیە کاتیەکان ، بێ ئاگابوون لە زاتی پەروەردگار و خۆشی و جوانیەکانی بەهەشت ... برای لاوم ئایا بیرمان چووە کە مردن لەناکاوە یەخەت پێ دەگرێ بەرەو ژیانی ناو گۆڕی تەسك و تاریك دەتبا ، لەوانەیە هەرچەند تەمەن بکەی بەڵام تاوان و ئارەزووەکانت ببێت بەڕێگرێکی گەورە لەنێوان تۆ و گەڕانەوەت بۆ لای پەروەردگار .

ئێستا باسی هەنێك لەو سەرپێچیانە دەکەین کە لاوانمان بەزۆری دەیکەن و لێی بێ ئاگان ، بۆ ئەوەی بەئاگا بێنەوە و داوای لێخۆشبون بکەن لە پەروەردگار : لەو سەرێچیانەش :

١ . گوێ نەدان بەفەرزە دینیەکان :

زۆرێك لە لاوان گوێ نادەن بەفەرزە دینییەکان و کەمتەرخەمی تێدا دەکات ، هەندێکیان بەتەواوی وازیان لێهێناوە ، وە هەندێکیان بەکەم و کوڕی ئەنجامیان دەدەن . لە گەورەترین فەرزە دینییەکان کە لاوان پشت گوێیان خستووە ( نوێژە ) ... کە گرنگترین پایەی ئیسلامە لە پاش شایەتومان ، هەر کەسێك نوێژ نەکات هیچ ڕێزێکی نیە لە ئیسلام ، لەگەڵ گرنگی نوێژ زۆرێك لە لاوان تەمەڵی تێدا دەکات ، هەندێك هەر نایکات وە هەندێکی تر دوای دەخات وە هەندێکی تریش وەکو قەلە ڕەش چۆن دەنووك دەدات لە زەوی بەو شێوە دەیکات واتا بەو خێرایە دەیکات و مافی نوێژەکەی نادات بەکەمی دەزانێت گەرچی بەدەمیش بڵێ بەکەمی نازانم ... جا برای لاوم خوشکی پایەدار ئاگاداری نوێژەکانتان بن ئەوەش بزانن کە دوا ئامۆژگاری پێغەمبەری نازدار ﷺ هەر ئەوەبوو کە دەست بگرین بە نوێژەکانمانەوە و بەجوانی و لەکاتی خۆیدا بیکەین هەر وەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : " صَلُّوا كَمَا رَأيتمُوُنِي أُصَلِّي " ( رواه البخاري ) واتە : نوێژبکەن هەر وەکو چۆن من دەبینن نوێژ دەکەم .

**کاروان باقی . ك . پ . کەلار . عەرەبی**

## کێ ئەیەوێت ببێتە ملیۆنێر...؟!

**ئەزیزەکەم هەر کات چوویتە بازار ئەم ملیۆنە ببە بۆ خۆت ، بەس تکایە بیرت نەچێت چونکە زەرەرتە نەیبەیت ... دڵنیابە زۆر کەس دەیبەن .... زۆر زۆریش هەن خۆیانی لێ بێبەش دەکەن ..!!**

**خۆشەویستمان ﷺ فەرموویەتی: هەرکەسێك لە کاتی چوونە بازار بڵێت :** " لا الـه إلا الله وحـده لا شريك لـه ، له الملك و لـه الحمد ، يُحيي و يُميت ، وهـو حيٌّ لا يموت ، بيده الخير ، وهـو على كلّ شئ قدير " ( صحيح الكلم الطيب ، برقم : ٢٣٠ وقال الألباني حسن بمجموع طرقـه ) **ئەوا هەزار هەزار(ملیۆن) چاکەی بۆ دەنووسرێت و هەزار هەزار(ملیۆن) خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە و هەزار هەزار(ملیۆن) پلەی بەرز دەبێتەوە ـ لای خودا ـ .**

**زانست**

## حەز دەکەیت بە خوا بگەیت و پلەت بزانی لای خوا ؟

الحمدلله و الصلاة و السلام على رسول الله و على آله وصحبه ومن والاه ، ئەبو هورەیرە رضي الله عنه لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : " مَنْ أَحَبَ لِقَاءَ اللّه ، أَحَبَ اللّهُ لِقاءَهُ ، وَمَنْ كَرِهَ لِقاءِ الله كَرِهَ الله لِقاءَهُ " ( صححه الشيخ الألباني في صحيح سنن الترمذي ، برقم : ٨٥١ ) ، واتە : هەر کەسێك پێی خۆش بێت بە خوای گەورە بگات ، خوای گەورەش پێی خۆشە ئەو کەسە بگات پێی ، وە هەر کەسێك پێی ناخۆش بێت بە خوای گەورە بگات ، خوای گەورەش پێی ناخۆشە ئەو کەسە پێی بگات .

جا خوشك و برای موسوڵمان ئاگادار بە خوای گەورە لە قورئاندا ئەفەرموێت : ﴿ فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحا وَلاَ يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدَا ﴾ ( سورة الكهف : ١١٠ ) ، واتە : هەر کەس بەراستی بەتەمایە بەخزمەت پەروەردگاری بگات ( لە قیامەتدا ) ئەوا با کردەوەی چاك بکات و لە پەرستنی پەروەردگاریدا کەس نەکات بە هاوبەشی ، وە بۆ زانینی پلەت لای پەروەردگارت بەدڵ لە گەڵ ئەم فەرمدەیەدا بە کە ئەنەس دەگێڕتەوە رضي الله عنه لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی : " مَن أَرَادَ أَنْ يَعْلَمَ مَا لَهُ [ في رواية : مَنْزِلَتَهُ ] عِنْدَ اللهِ عَزَوَجَلْ ، فَلْيَنْظُر كَيْفَ مَنْزِلةُ الله عِندَهُ فَإنَّ الله يَنْزِلُ العَبْدَ مِنْهُ حَيْثُ أَنْزَلَهُ مِنْ نَفْسِهِ )) ( الصحيحة : ٢٣١٠ ) ، واتە : هەر کەسێك دەیەوێت کە بزانێت چی هەیە ( یان : پلەی چۆنە ) لە لای خوای گەورە با تەماشا بکات پلەی خوا چۆنە لای ئەو ، چونکە خوای گەورە هەمان پلە دادەنێت بۆ ئەو بەندەیە کە ئەو بەندەیە بۆ خوای داناوە .

ئەی خوشك و برای ئەزیزم هەڵوێستەیە کە و تێ رابمێنە حەز دەکەیت بە خوا بگەیت و پلەت بەرز بێت لای بۆ رۆژێك کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَوْمَاً يَجْعَلُ الْوِلْدانَ شِيباً ﴾ ( المزمل : ١٧ ) ، واتە : لە رۆژێکدا . بە ترس و سامی خۆی . منداڵان پیر دەکات ، وە چیت حازر کردووە بۆ ئەو رۆژە کە (الله) خاوەن ئەو رۆژەیە لە کاتێکدا دەفەرموێت : ﴿ أَنْ لاَّ تُشْرِكْ بِي شَيْئاً ﴾ ( الحج : ٢٦ ) ، واتە : هیچ شتێك مەکە بە هاوبەشم تۆ بێئاگای لە ووتەو کردەوەی خۆت وە خۆت ناپرێزیت لە هاوبەش بڕیاردان بەفێربوونی زانستی شەرعی و وەرگرتنی عەقیدەی تەوحید خوای گەورە رۆژی پێنج جار بانگت ئەکات جوابی نادەیتەوە کە دەفەرموێت : ﴿ وَأَقِمِ الصَّلاَةَ ﴾ ( العنكبوت : ٤٥ ) واتە : نوێژەکانت بەرێك و پێکی ئەنجام بدە . وە سوجدەی بۆ نابەیت کە دەفەرموێت : ﴿ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ ﴾ ( العلق : ١٩ ) ، واتە : وە کوڕنوش بەرە وە ( لەخوا ) نزیك بەرەوە ، وە بێ ئاگا بووی لە قورئان لە کاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِلاً ﴾ ( المزمل : ٤ ) .

وە خوای گەورە لەسەر زاری پێغەمبەرەوە ﷺ دەفەرموێت : ﴿ وَقَالَ الرَّسُولُ يارَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُواْ هَذَا الْقُرْءَانَ مَهْجُوراً ﴾ ( الفرقان : ٣٠ ) واتە : وە پێغەمبەر ﷺ ووتی ئەی پەروەردگارم قەومەکەم ئەم قورئانەیان واز لێ هێناوە و گوێ ی پێ نادەن .

وە شارەزای بە دونیا و هەوڵدانیشت هەر بۆ دونیایە بێ ئاگای لە رۆژی دوایی کە خوای گەورە توڕەیە لە کەسێك کە شارەزابێت بە دونیاو نەزان بێت بە رۆژی دوایی .

برای موسوڵمانم : مزگەوت کە ماڵی خوایە بۆ رووی تێ ناکەیت ؟ دەی توخوا یەکێکت خۆش بوێت ناچیە ماڵی ؟!!

چاوەکانت داناخەیت لەبەر خوا لە ڕوانینی حەرام کە دەفەرموێت : ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصرهِمْ وَ يَحْفَظُواْ فُرُوجَهُمْ ﴾ ( النور : ٣٠ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بڵێ بەپیاوانی ئیماندار چاوی خۆیان لە سەیرکردنی نامەحرەم داخەن و عەورەتیان لە داوێن پیسی بپارێزن .

ئەی خوشکی بەڕێزم بۆ ناپرسی لەپلەی خوا چۆنە لات لە کاتێکدا چەندان جار ئەم ئایەتەت بیستوە دراوە بە بەر گوێتدا : ﴿ يَا أَيُّهَاالنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَ كَانَ اللهُ غَفُوراً رَّحِيماً ﴾ ( الأحزاب : ٥٩ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەخێزان و کچەکانت و ئافرەتانی بڕواداران بڵێ باجلبابەکانیان ( واتە : باڵاپۆش یان عابا کانیان ) بەخۆیاندا بدەن و خۆیان داپۆشن ئەوەش لەبارترە بۆ ئەوەی کە بەرەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمەت وقورسی و سەنگینی بناسرێنەوە ، تا ئەزێت و ئازار نەدرێن ، وە پەروەردگاری تۆش لێبوردەو میهرەبانە . وە تۆش گوێی پێ نادەی پۆشاکێك دەپۆشیت کە پێغەمبەر ﷺ لە حەقیا فەرموویەتی : " کاسیاتٌ عاریاتٌ " ( رواه مسلم ) ، واتە :

پۆشتەی رووت !!!! کە بە هۆیەوە نەك هەر بەخوا ناگەیت بەڵکو ناچیە بەهەشتەوە و بۆنیشی ناکەیت وە جل و بەرگەکەت بەکەم مەزانە چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " مَن تَرَكَ اللباسَ تَوَاضعاً وهو يَقدر عليه دعاه الله يَومَ القِيامَة على رؤوس الخلائق حتى يُخيَر من أيِّ حَلَلْ الإيمان شاءَ يلبسها " ( البخاري : ٣٢٤٩ ) ، واتە : هەرکەسێك لەبەرخۆ بەکەم زانین بۆ خوای گەورە بەرگ و پۆشاکی نایاب نەپۆشێت هەرچەندە لەتواناشیا بێت بیپۆشێت ئەو کەسە خوای گەورە لە پێش چاوی هەموو درووستکراوانی لە رۆژی کۆتاییدا بانگی دەکات و سەرپشکی دەکات لە کام جل وبەرگەکانی ئیمان خۆی پێی خۆشە تا لەبەری بکات .

جا ئەم فەرمودە موژدە بەخشە بکە بە بەڵگە لە نێوان خۆت و پەروەدگارت بۆ رۆژێك کە خوا دەفەرموێت : ﴿ يَوْمَ يَتَذَكَّرُ الإِنسانُ ما سَعَى ﴾ ( النازعات : ٣٥ ) .

وە بیرت بێت کە خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ ﴾ ( الإسراء : ٧٠ ) بۆیە پێویستە وەفامان هەبێت بەرامبەر پەروەردگار ، وە رێزی خۆمان بگرین بە ملکەچ بوون بۆ فەرمانەکانی خواو شوێن کەوتنی پێغەمبەرەکەی ﷺ .

جا با تەوبە بکەین و بگەڕێینەوە بۆ لای خوا وەك خۆی دەفەرموێت : ﴿ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ ( النور : ٣١ ) .

بۆ گەیشتن پێ ی و ( إن شاء الله ) لەو کەسانە بین کە خۆی دەفەرموێت : ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴾ ( القيامة : ٢٢ ــ ٢٣ ) ، واتە : زۆر روخسار لەو رۆژەدا گەشاوەن . تەماشای پەروەردگاریان دەکەن .

وَآخر دَعوانا أَن الحمدُ لله ربِّ العالمين

**خیرالله عبید . پ. ت. سلێمانی . تەندروستی کۆمەڵ**

## بۆ خوشکە خۆشەویستەکانم

ئەی خوشکم .. ئەی تاجی سەری براکانت ... ئەتوانی پێش ئەوەی بێیتە دەر لەماڵەوە... بەخۆت بڵێیت ... ئەگەر ڕەسولی خوا ﷺ بەم جلانەوە بمبینێت دڵخۆش دەبێت ..؟! یاخود دەفەرموێت ... ئای لە کچانی ئوممەتەکەم ... !! یاخود بەخۆت بڵێیت... خۆ خوا گیان ئەمبینێت ئێستا ....!؟ **زانست**

## هەندێك لە ئادابەکانی سوژدەی سەهو

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ، وبعد : سوژدەی سەهو یەکێکە لە بابەتە فیقهیەکان و شارەزابوون لێی ( بە پێ ی پێویست ) ئەرکی سەرشانی موسوڵمانانە ، بۆیە ئێمەش لەم کورتە باسەدا هەوڵمانداوە پوختەیەك لەو بابەتە بخەینە روو [1] ، خوای گەورە وامان لێبکات کار بکەین بەو شتە باشانەی کە دەیخوێنینەوە ، آمین .

**حوکمی سوژدەی سەهو :** سوژدەی سەهو واجبە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردووە ، و فەرموویەتی : " إذا شك أحدكم في صلاته ، فليتحر الصواب ، فليتم عليه ثم ليسلم ، ثم يسجد سجدتين " ( أخرجه البخاري : ٤٠١ ) واتە : ئەگەر یەکێکتان کەوتە گومانەوە لە نوێژەکەیدا ، ئەوە با هەوڵ بدات ڕاستیەکەی بزانێت ، پاشان نوێژەکەی لەسەر ئەوە بونیاد بکات ، پاشان سەلام بداتەوە ، دوای ئەوەیش دوو سوژدە ببات .

**چۆنێتی سوژدەی سەهو :** دوو سوژدەیە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " لكل سهو سجدتان " ( صحيح أبي داود : ٩١٧ ) . واتە: بۆ هەموو هەڵە کردنێك . لە نوێژدا . دوو سوژدە دەبرێت .

ئەم دوو سوژدەیە یان لە پێش سەلامدانەوە دەبرێت یان لە دوای سەلامدانەوە وەکو لە خوارەوە ئاماژەمان پێکردووە .

کاتێك ویستت سوژدەی سەهو ببەیت ( الله أكبر ) بکە ، وە بە سەلامدانەوەش کۆتایی پێ بهێنە ( وەکو لە فەرموودەکەی ئەبو هورەیرەدا هاتووە لە بوخاری بە ژمارە : ١٢٢٨/٩٨/٣ ) .

**پێش سەلامدانەوە سوژدەی سەهو دەبەیت یان دوای سەلامدانەوە ؟**

پێغەمبەری خوا ﷺ چەند جارێك لە نوێژەکانیدا سەهوی کردووە و سوژدەی سەهوی بۆ بردووە ، جاری وا هەبووە پێش سەلامدانەوە ، وە جاری واش هەبووە دوای سەلامدانەوە ، بۆیە ئەو کەسەی کە شارەزایی لە سوننەتدا هەیە ئەگەر سەهوی کرد لە نوێژدا و سەهوەکەی بەو شێوەیە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی ئەوا دەبێ بەو شێوەیە سوژدە ببات کە پێغەمبەری خوا ﷺ بردوویەتی [2] ، بەڵام ئەگەر کەسەکە شارەزایی نەبوو لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەوا درووستە و بۆی هەیە لە

---

[1] زۆربەی زانیارییەکانی ئەم بابەتەمان لە هەردوو کتێبی ( الموسوعة الفقهية – حسين العوايشة ) و ( الأدلة الرضية – محمد صبحي حسن حلاق )ەوە وەرگرتووە بە کورتکردنەوە و دەستکاری کردنەوە .

[2] (صديق حسن خان ) لە کتێبی ( الروضة الندية ) ئەم بۆچوونەی هەیە .

پێش سەلامدانەوە یان لە دوای سەلامدانەوە سوژدە ببات .

**لەم حاڵەتانەدا سوژدەی سەهو لە پێش سەلامدانەوە دەبرێت :**

١. **ئەگەر شتێکی لە نوێژەکەی کەم کرد :** بۆ نموونە تەحیاتی یەکەمی لە بیرچوو و نەیخوێند ، ئەوا پێش سەلامدانەوە سوژدەی سەهو دەبات ، ( عبدالله ) ی کوڕی ( بحينة ) دەگێڕێتەوە : " إن رسول الله ﷺ قام من اثنتين من الظهر لم يجلس بينهما فلما قضى صلاته سجد سجدتين ثم سلم بعد ذلك " ( البخاري : ١٢٢٥ – ١٢٢٤ ) .

٢. **ئەگەر کەوتە گومانەوە و نەیزانی چەند ڕکاتی کردووە :** هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە : " إذا شك أحدكم في صلاته فلم يدر كم صلى ، ثلاثا أم أربعا ؟ فليطرح الشك وليبن على ما استيقن ، ثم يسجد سجدتين قبل أن يسلم ، فإن كان صلى خمسا ، شفعن له صلاته ، وإن كان صلى إتماما لأربع ، كانتا ترغيما للشيطان " ( مسلم : ٥٧١ ) واتە : ئەگەر یەکێکتان کەوتە گومانەوە لە نوێژەکەیدا و نەیزانی چەند ڕکاتی کردووە ، سێ یان چوار ، ئەوە با گومان بخاتە لاوە و نوێژەکەی بونیاد بکات لەسەر ئەوەندەی کە دڵنیایە تێیدا . کە کەمەکەیانە . پاشان دوو سوژدە ببات پێش سەلامدانەوە ، جا ئەگەر پێنج ڕکاتی کردبێت ئەوە نوێژەکەی بۆ جووت دەکاتەوە ، وە ئەگەر چواری تەواویشی کردبێت ئەوە لووت شکاندنی شەیتانە .

**لەم حاڵەتانەدا سوژدەی سەهو لە دوای سەلامدانەوە دەبرێت :**

١. **ئەگەر شتێکی زیادکرد لە نوێژەکەیدا :** ( عبدالله )ی کوڕی ( مسعود ) دەگێڕێتەوە: " أن رسول الله ﷺ صلى الظهر خمسا ، فقيل له : أزيد في الصلاة ؟ فقال : وما ذاك ؟ قال : صليت خمسا فسجد سجدتين بعدما سلم " ( البخاري : ١٢٢٦ ) واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی نیوەڕۆ پێنج ڕکاتی کرد ، پێی وترا : ئایا نوێژ زیادی کردووە ؟ ئەویش فەرمووی : چی ڕوویداوە ؟ وتیان : پێنج ڕکاتت کردووە ، ئەویش دوو سوژدەی برد پاش سەلام دانەوە .

٢. **ئەگەر گومانی بۆ دروست بوو لە نوێژەکەی دا پاشان بۆی یەکلابووەوە :** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " وإذا شك أحدكم في صلاته فليتحر الصواب ، فليتم عليه ، ثم ليسلم ، ثم يسجد سجدتين " ( أخرجه البخاري : ٤٠١ ) واتە: ئەگەر یەکێکتان کەوتە گومانەوە لە نوێژەکەیدا ، ئەوە با هەوڵ بدات ڕاستیەکەی بزانێت ، پاشان نوێژەکەی لەسەر ئەوە بونیاد بکات ، پاشان سەلام بداتەوە ، دوای ئەوەیش دوو سوژدە ببات .

٣. ئەگەر نوێژ خوێن ڕکوع یان سوژدە یان دانیشتنێکی زیاد کرد لە نوێژەکەیدا بە ئەنقەست ئەوا نوێژەکەی بەتاڵە ، بەڵام ئەگەر لە بیری چوو ، وە لە دوای تەواوبوونی نوێژەکەی بیری کەوتەوە ئەوا نوێژەکەی درووستە بەڵام دەبێت سوژدەی سەهو ببات .

**ئەگەر ڕووکنێك لە ڕووکنەکانی نوێژت لە بیرچوو چی دەکەیت ؟**

ئەگەر ئەو ڕووکنەی لە بیری چووە ( الله أكبر ) ی نوێژ دابەستن بێت . تكبيرة الإحرام . ئەوا نوێژەکەی بەتاڵە چونکە هێشتا نوێژەکەی دانەمەزراوە ، بەڵام ئەگەر ڕووکنەکانی تر بێت وە پێش ئەوەی بگاتە ڕکاتەکەی تر بیری کەوتەوە ئەوا دەگەڕێتەوە و لەو ڕووکنەوە دەست پێدەکاتەوە کە ئەنجامی نەداوە ، بەڵام ئەگەر گەیشتە ڕکاتەکەی تر ئینجا بیری کەوتەوە ئەوا ئەو ڕکاتەی کە ڕووکنەکەی تێدا واز لێهێناوە ناژمێرێت .

**ئەگەر پێشنوێژ ( إمام ) سوژدەی سەهوی برد تۆش لەگەڵیدا سوژدە دەبەیت ؟**

ئەگەر پێشنوێژ لە نوێژدا هەڵەی کرد ، و پاشان سوژدەی سەهوی برد ، ئەوا ئەو کەسانەشی لە دوایەوە نوێژ دەکەن سوژدە دەبەن ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إنما جعل الإمام ليؤتم به ... فلا تختلفوا عليه ... وإذا سجد فاسجدوا ... " ( رواه البخاري : ٢/٢٠٨/ ٣٢٠ ) واتە : پێشنوێژ دانراوە بۆ ئەوەی ببێتە سەر مەشق بۆ شوێنکەوتووان ... بۆیە جیاوازی لەگەڵدا مەکەن ... وە ئەگەر سوژدەی برد ئێوەش سوژدە ببەن .

**ئەگەر لە سوژدەی سەهودا سەهوت کرد چی دەکەیت ؟**

( ابن المنذر ) لە ئیسحاقەوە دەگێڕێتەوە کە یەکدەنگی زانایانی تابعین لەسەر ئەوەیە کە : ئەگەر کەسێك لە سوژدەی سەهودا سەهوی کرد پێویست نیە لەسەری سوژدە ببات [3]

( واتە : لەسەری نیە جارێکی تر سوژدەی سەهو ببات ) .

**پ.إدریس محمود**

## هۆکاری ئارامی دڵت لێرەیە

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ، أما بعد : خوێنەرانی بەڕێز : یادی خوا کردن لەعەرەبیدا پێی دەوترێت ( ژکر ) یەکێکە لەو زاراوەو درووشمە ئیسلامیانەی کە مرۆڤی بڕوادار هەموو سات وکاتێك دەتوانێت پێی هەستێت و خوا لە خۆی ڕازی بکات .

( راغب الأصفهاني ) دەربارەی وشەی ( ذكر ) گوتویەتی : (( وتارة يقال لحضور الشيء القلب أو القول ولذلك قيل : الذكر ذكران : ذكر بالقلب ، و ذكر باللسان ، ولكل واحد منها ضربان ، ذكر عن

---

(٣) (الأوسط: ٣/ ٣٢٧) .

**نسيان وذكر لا عن نسيان )) ( معجم مفردات الفاظ القرآن ص ١٠٨ ) . واتە : وە هەندێك جاران ( ذكر ) بەشتێك دەوترێت كە لەدڵ یا لەزماندا ئامادە بێت بۆیە گوتراوە : یادكردن دوو جۆرە : یادێ بەدڵ یادێ بە زمان ، هەركامیشیان دوو جۆرە : یادێ دوای بیرچونەوە و یادێ بەبێ بیر چونەوە .**

**كەواتە وشەی ( ذكر ) واتە : یادكردن و باسكردنی شتێك بە دڵ و بە زمان .**

**ئازیزان ئاینی پیرۆزی ئیسلام چۆن مامەڵە لەگەڵ ( نوێژ و ڕۆژوو و حەج و ... هتد ) دەكات بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ ( ذكر ) یشدا دەكات ، وە لە هەندێك ئایەتی قورئاندا هەریەك لەو عیبادەتانەی بەبەشێك لە ( ذكـــر ) نـاو بـردووە ، وە هەندێك جاریش پلەی ( ذكر ) داوە بەسەر ئەوانی تردا وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي ﴾ ( طه : ١٤ ) ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ ﴾ ( العنكبوت : ٤٥ ) .**

**وە یادكردن خوا تایبەت نییە بە كاتێكی دیاری كراوەوە بەڵكو لەهەموو سات و كاتێكدا دەتوانرێت یادی بكرێت و ملكەچی و كزۆڵی لە بەرامبەردا بنوێنرێت ، وە دەتوانرێت لەڕێگای ئەندامەكانی لاشەوە ئەم درووشمە ئیسلامییە بەرز ڕابگیرێت ، وەك هەنێك لە زانأیانی خواناس ووتویانە : (( یادكردنی چاوان : گریانە ، وە یادكرنی گوێكان گوێگرتنە ، وە یادكردنی زمان ستایش كردنە ، وە یادكرنی دەستان شت بەخشینە ، وە یادكردنی جەستە وەفاە بەنمەكییە ، وەیادكردنی گیان ترس و تەمایە...هتد )**

**وە لێرەدا دەردەكەوێت كە هەریەك لەئەندامەكانی لاشەمان بەشێوەیەك لەشێوەكان دەتوانێت یادی خوا بكات.**

**وەهەركاتێك مرۆڤ سەرقاڵی یادكردن بوو ئەوكات خوای گەورەش یادی دەكات ، وە هەركەسێكیش ئەم پلە گەورەیەی پێ بەخشرا و لەلایەن خواوە یادكرا ئەوكات بێگومان سەرفرازی دونیاو قیامەتیشی دەكات و ڕۆشنایی دەخاتە نێو دڵ و دەروونیەوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ ﴾ ( البقرة : ١٥٢ ) .**

**هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا باسی ئەو كۆمەڵە ئیماندارانە دەكات كە لەكاتی یادكردنی خوادا دڵیان دەلەرزێت ، وە ئیمانیان زیاد دەكات لەكاتی باسكردنی بەڵگەكانی قورئاندا : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ ( الأنفال : ٢ ) .**

**وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ یادكار و یادنەكاری خوای بەنمونەی زیندوو و مردوو نیشان ئەدات وەك دەفەرموێت : "** مثل الذي يذكر ربه والذي لا يذكره مثل الحي والميت **"** ( رواه البخاري ) .

**وە ئەو كەسانەی كە یادی خوا دەكەن لە پیاوان و لە ئافرەتان خوا پاداشتێكی زۆری بۆ ئامادە كردوون لە دوا ڕۆژداو وە بڕیاری لخۆشبونیشی داوە بۆیان : ﴿ ... وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٣٥ ) .**

**وە ئەوەش نابێت لە یادمان بچێت هیچ كات ، هیچ كام لەو شتانەی لە دونیادا هەن ناتوانن ئارامی بەدڵی مرۆڤ ببەخشن ئیلا یادی خوا نەبێت ، هەروەكو خۆی فەرموویەتی : ﴿ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴾ ( الرعد : ٢٨ ) .**

**لێرەدا فەرموودەیەكی پێغەمبەر ﷺ دەخەمە پێش چاو كە چۆن وەڵامی كابرایەك دەداتەوە كە دەلالەت لە بەردەوامی یادكردن دەكات لە كاتێكدا كە پرسیاری كرد :** وقال رجل : يا رسول الله أن شرائع الإسلام قد كثرت علي فأخبرني بشيء أنشبث به ، " لا يزال لسانك رطبا من ذكر الله " ( حديث صحيح رواه الترمذي ) . **واتە : پیاوێك ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ یاساكانی ئیسلامم لەسەر شان زۆر بوون جا هەواڵم بدەیە واتە فەرمانم پێ بكە بە شتێك كە هەمیشە بیگرم ؟ فەرمووی : با بەردەوام زمانت بە یادی خوا تەڕ بێت .**

**وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ وتی (** المفـردون **) تاق بووەكان پێش هەموو كەسان كەوتون ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تاق بووەكان كێن ؟ ووتی "** الذاكرين الله كثيرا والذاكرات **"** ( الصحيحة : ١٣١٧ ) **پیاوان ئافرەتانی زۆر خوا لەیاد بوو .**

**وە هەروەها ئیمامی موجاهید دەفەرموێت مرۆڤ ناچێت ڕیزی پیاوان و ئافرەتانی زۆر خوا لەیاد تاوەك و لەهەموو كات وە ساتێكدا خوای لەیاد نەبێت ، وەك خوای گەورەش دەفەرموێت : ﴿ الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ ﴾ ( آل عمران : ١٩١ ) ، وە ئەوەش نابێت لەیاد بكرێت كە خوای گەورە لە وەسفی كۆمەڵی دوو ڕووان فەرموویەتی كە كەسانی كەم یادكاری ئەون وەك دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلَاةِ قَامُوا كُسَالَى يُرَاءُونَ النَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ ( النساء : ١٤٢ ) .**

**جا بەڕێزانم با دڵمان ڕوناك بكەینەوە و ئارامی پێ ببەخشین و زمانمان پاراو بكەینەوە بەزۆر یادكردنی خوا لە هەموو ساتەكانی ژیانماندا .**

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

**صباح نجيب . ك . پ . كەلار . فیزیا**

## گۆڕەپانی ڕۆژ هەڵاتناسی ( بەشی سێیەم )

لەوەو پێش عەرزم کردن کە ڕۆژهەڵاتناسی سەرەتا دەستیکرد بە دیراسەکردنی ئیسلام ئەویش لە ڕێگەی زمانی عەرەبیەوە ، بەڵام دواجار . بەرفراوانبونی داگیرکاری ڕۆژئاوا بۆ وڵاتانی ڕۆژ هەڵات . سەرجەم ئاینزاکانی ڕۆژهەڵات ودابونەریت وشارستانیەت و جوگرافیا و کلتور و زمان و ... هتد ، سەرجەم ئەو بوارانەی گرتەوە ، گەرچی ئەوەی کە لە هەمووی زیاتر جێی بایەخ ودیراسەکردنیان بوو بریتی بوو لە : ئیسلام وشارستانیەتی ئیسلامی ، لێرەشدا بەزۆری بایەخیان بە عەرب وزمانەکەیان دەدا ، چونکە زمانی ئاینەکە عەرەبیە و ڕەگەزی پەیامبەری ئەم ئاینەش عەرەبە ، لەمەشدا پاڵنەرە دینی وسیاسیەکان هاندەر بون بۆ دیراسە کردنی ئەو جۆرە بابەتانە وەک باسی لێوە دەکەین . ئینشائەڵلا .

### پالنەرەکانی ڕۆژ هەڵاتناسی

١ . **یەکەمیان و لەسەروی هەموویانەوە : پاڵنەری دینی :** پێوستیمان بە هەوڵ وماندووبوونی زۆر نابێت بۆ زانینی یەکەمین پاڵنەرێک پاڵی بە ڕۆژهەڵاتناسانەوە نابێت ، کە ئەویش پاڵنەری دینیە .

لەسەرەتاوە . وەک بینیمان . قەشەکان دەستیان پێکرد ، ئەمەش هەروا بەردەوامە تا ئەمرۆ . وەک لەمەودوا دەبینیت . ئەمانەش تەنها یەک شتیان بەلاوە گرنگ بو ، ئەویش بریتی بوو لە تانەدان لە ئیسلام وناشرینکردنی ڕوی گەشی و شاردنەوەی چاکەکانی وهەڵگەڕانەوەی ڕاستیەکانی ، تا بیسەلمێنن بۆ تەرەفدارانی خۆیان ، ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی دینی ئەماندان کەوا ئیسلام . کەلەو ڕۆژگارەدا تاکە نەیاری خاچ پەرستان بووە بە دیدی ڕۆژئاوایەکان . ئیسلام ئەوە ناهێنێت بڵاوبێتەوە بە هەموو دونیادا ، وە موسڵمانانیش خەڵکانێکی گەمژە و گێل و نەزان ودز وخوێن مژن ، دینەکەیان هانیان دەدات بۆ پڕکردنەوەی چێژە جەستەییەکانیان !!! وە لەهەرچی شتی ڕۆحی و ئەخلاقیەوە دوریان دەخاتەوە !!! بەڵام لە سەدەی هاوچەرخماندا زیاتر پێوستیان کەوت بەم جۆرە هێرشانە ، ئەمەش دوای ئەوەی بینیان شارستانیەتی نوێ ، هەرچی بنەوای عەقیدەیان هەیە ئەم شارستانیەتە هەموی لەق کرد وخستیە ژێر گومانەوە . گومانی خستە ئەو تەعلیماتانەوە ، کە بەدرێژایی سەدان ساڵ لە پیاوانی ئاینی خۆیانەوە وەری دەگرن ، هەر بۆیە باشترین شتێك بە لایانەوە بریتی بوو لە خەستتر کردنەوەی هێرشەکان بۆ سەر ئیسلام .

هەڵبەت ئامانجێکی تریان بریتی بوو لە دورخستنەوەی چاوی ڕۆژئاواییەکان لەسەر عەقیدە و کتێبە پیرۆزەکانیان ، تا ڕەخنەی لێنەگرن . ئاخر دەیانزانی کە فتوحاتە ئیسلامیەکانی سەرەتا وپاشان جەنگە خاچپەرستیەکان وپاشان فتوحاتی عوسمانیەکان لە ئەوروپا ، چ ترسێکی لە دڵی ڕۆژئاواییەکاندا بەجێ هێشتبوو لە ئاست هیزی ئیسلام و هەروەها ڕق لێبونی موسڵمان ، هەر بۆیە ئەم کەش وبارە دەرونیانەیان قواستەوە و هەوڵەکانیان زیاتر کرد لە بۆ دیراسەتە ئیسلامیەکان .

٢ . **پاڵنەری داگیرکاری ( ئیستیعماری )** : دوای ئەوەی جەنگە خاچ پەرسیەکان بە دۆڕانی خاچپەرستەکان کۆتایی هات ، کە لە ڕوکەشدا جەنگانێکی دینی بوون وبەڵام لە هەقیقەتدا کۆمەڵە جەنگێکی داگیرکاری بوون ، دوای هەموو ئەمانە ڕۆژئاواییەکان بێ ئومێد نەبوون لە گەڕانەوە بۆ داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامی ، بە تایبەت عەرەبی ئەوان بە جەرگەی ئیسلامیان دەزانی .

هەربۆیە دەستیان کرد بە دیراسەکرنی ئەو ناوچانە لەسەرجەم بوارەکاندا : عەقیدە ، داب ونەریت ، ڕەوشت ، وسامان ... هتد ، بۆ ئەوەی خاڵە بە هێزەکان بناسن و لاوازی بکەن ، و خاڵە لاوازەکان بناسن و بیقواسنەوە .

ئەوەبو کاتێش لە ڕووی سەربازی و سیاسیەوە دەستیان گرتە سەر بارودۆخەکە ، یەکێک لە پاڵنەرەکانی هاندانی ڕۆژهەڵاتناسی ، بریتی بوو لە : لاوازکردنی بەرگری ڕۆحی ومەعنەوی لەدەرونی موسڵماناندا ، هەروەها سستی وپەشۆکی بهاوێژنە نێو بیرکردنەوەیانەوە .

ئەمانەش لەڕێگەی چیەوە ؟ لە ڕێگەی گومان بۆ دروستکردنمان لە بەر سودی ئەوەی لە دەستماندایە لە ئاسەوار و توراس ، کە واشیان لێکردین ئێمە هیچمان پێ نیە و ئەوەشی لە دەستماندایە هیچ نیە وبێ سودە ، ئەوکات ئەوە دەبێت وا ئەوان مەبەستیانە ، بەوەی خۆمان برک بدەینە نێو باوەشی ڕۆژئاوا ودوای پێوەرە ئەخلاقی و مەبادیئە عەقەدیەکانی ئەوان بکەوین ، کە جارێ خۆی بۆ خۆی گەلێک بێ سەروبەر و بێ مەبدەئە ، ئا بەمەش ئەو ئاواتەیان دێتە دی کە بریتیە لە ملکەچکردنمان بۆ شارستانیەت و سەقافەتیان ، بە جۆرێك کە هەرگیز دوای ئەوە نەتوانین لەسەر پێی خۆمان ڕابوەستینەوە .

تەماشایان بکە بزان چۆن لەولاتی موسڵماندا هانی سەرجەم نەتەوە کۆنە مێژوییەکان دەدەن ، کە دەیان بەڵکو سەدان ساڵ بەسەریاندا تێپەڕیوە ، هەندێکیان هەر لە پێش هاتنی ئیسلامەوە ناویان نەماوە ، وهەندێکی تریشیان دوای هاتنی ئیسلام ، لە کاتێکدا بە هاتنی ئیسلام ئەم ناوچانە هەمویان بوون بە یەك ناوچە ، جەستەیان بووە بە یەك جەستە ، ولاتیان بووە بە یەك ولات ، عەقیدەیان بوو بە یەك عەقیدە ، کەسیش ئەو ئیسلامەی نە بە موڵکی خۆی زانیوە ونە بە موڵکی نەتەوەیەکی تایبەتی زانیوە .

یان بە ڕاشکاوانە تر بڵێم ئیسلام موڵکی عارەب نیە بە تەنها وەك هەندێك ناحاڵی وا حاڵی بون .

هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە خوای مەزن پەیامبەری خۆی ﷺ ڕەوانە دەکات ، لە سەرجەم گەلانەوە دەوری دەدرێت وئیمانی پێ دەهێنرێت ، لە فارس وئێرانەوە سەلمانی فارسی ، لە حەبەشە و سودانەوە بیلالی حەبەشی ، و لە ئەوروپا و ڕۆمەوە صوهەیبی ڕۆمی [1] ، لە کورد و کوردستانەوە جابانی کوردی ، لە هیند و هیندستانەوە سرباتکی هیندی [2] .

لەوەو دواش خوا بە فەزڵی فتوحات سەرجەم گەلان شان بەشانی عارەب خزمەت بە ئاینەکەی خۆیان دەکەن . ئەوەمان لە یاد نەچێت باشترین کتێب دوای قورئان صەحیحی بوخاریە ، کە فەرمایشتە پیرۆزەکانی پەیامبەری پیرۆزی لە خۆ گرتوە ، بوخاریش خەڵکی بوخارایە ، لە دوای ئەویش صەحیحی موسلیم دێت ، ئەویش خەڵکی نیسابورە کە سەر بە خوراسانە ، پاشان کتێبی سوننەکان دێت کە پێیان دەوترێت ( أصحاب السنن ) کە بریتین لە ( أبو داود والنسائي والترمذي وابن ماجه ) ، ئیمامی ئەبوداود سەجستانیە ، ئیمامی نەسائیش خوراسانیە ، ئیمامی تورمزیش خەڵکی تورمزە ، ئیمامی ابن ماجەش قەزوێنیە .

سەبارەت بە کاربەدەستیش جارێك عەرەبێك کاربەدەست بووە وجارێك تورکێك و جارێك کوردێك وجارێك فارسێك و .. ئابەو شێوە .

جا ئەوەی مەبەستی من بێت ، بەهاتنی ئیسلام سەرجەم گەلانی ناوچەکە بون بەیەك جەستە ، خاکیان بو بەیەك خاك ، سنوری جوگرافیان نەبو بەم شێوازەی ئەمڕۆ . عەرەب وکورد وفارس وتورك وئازەری و ئەفغانی وئەرمەنی وهتد ... هەمووی پێکەوە دەسبار بون بۆ ئیسلامەکەی خۆیان ، بە کورتی هیچ میللەتێك بە موسڵمان بوونی ئەو دەستکەوتانەی هەیبووە بە موسڵمان بوونی لە دەستی نەداوە .

ئەو گەلانە بەوەرگرتنی ئیسلام سەربەرز وسەرفرازبوون وهیچ زەرەرێکیان نەکردوە ، چ گەلێك لەو گەلانەی کە ئەمڕۆ موسڵمانن لەپێش ئیسلام بونیان حاڵ وباریان لە ئەمڕۆیان خۆشتربووە !؟ نا بەخوا هەرچی نەتەوە هەیە پێ زیادی کردوە و ژیرتر بوە وریاتر بوە ، نزیکترین نمونەش بۆ ئەمە کوردە ، پێش هاتنی ئیسلام هیچ کیانێکی نەبووە لە نێو ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا توابوونەوە ، هەردەم کۆیلە وخزمەتکاری ئەوان بوون .

چ مێژووناسێك هەیە بتوانێت مێژوی کورد بێ نەزەریات بێ پێم وابێ ، بێ وای بۆ ئەچم ... بە خالصی مێژوی فەرمانڕەوایەتی کوردەکان ، یان خودی کورد لە پێش هاتنی ئیسلام بە یەقینەوە لە تەنها موجەڵەدێکدا بنوسێتەوە .

جا ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە ئەوە نزیکەی یەك سەدەیە خەریکن فیرعەونیەت لە میسر ، وفینیقیە لە سوریا ولوبنان و فەلەستین ، وئاشوریەت لەعێراق ، زەرەدەشتیەت لە کوردستان و ... زیندوی دەکەنەوە !!! جا پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دلسۆزیان نەبووە بۆ ئەو گەلە جیاوازانە بەڵکو مەرامی خۆیان پاڵنەر بووە بۆ ئەم کارانەیان ، ئەو مەرامە گلاوەیان کە بریتیە لە بەش بەشکردنی ئەم ئوممەتە یەك جەستەیە .

هەروەها ئەمان سەرباری ئەوەی دژایەتی ئیسلام دەکەن بە تایبەتتر دژایەتی عارەب دەکەن ، بەتایبەتتر زمانەکە چونکە زمانی قورئان وفەرموده شیرینەکانی پەیامبەرە ﷺ .

ئاخر توخوا پێم بڵێن بەدیهێنانی خەونەکانی ڕۆژئاوا نەبێت چ عیلمێك لەوەدایە زمانی عەرەبی لە پۆلەکانی یەك و دوو و سێ و چوار لابەیت و ئینگلیزی لەشوێنی دابنێی ، ئەگەر بۆ گرانی بێت لای هەموان مەعلومە ئینگلیزی گرانترە !!! کەواتە بۆ ؟!!

**م . علی محمد علی .دەرچووی.کۆمەڵایەتی . کەلار**

---

[1] ئەگەرچی بۆیە پێی دەڵێن ڕۆمی چونکە بە منداڵی بە دیل گیراوە و هەر لەناویاندا ماوەتەوە .

[2] بەڵام بێگومان ئەم ناوە ڕاست نیە و هاوەڵی پەیامبەریش نیە ، بەهەمان شێوە ڕەتنی هیندی ، بۆیەش باسم کرد تا بناسرێن !

## ڕێگایەکی ئاسان بۆ دوورکەوتنەوە لە دڵ تەنگی و گەیشتن بە بەختەوەری و کامەرانی

سوپاسو ستایش بۆ خودا سەلام لە سەرگیانی پێغەمبەرمان ﷺ :

خوشك وبرایانی ئەزیز : مرۆڤ پێك هاتووە لە لاشە و ڕوح ، مرۆڤ چۆن پێویستی بە تێرکردن و ئاسودە کردنی لاشەی هەیە ، بەهەمان شێوەش پێویستی بە تێرکردن و ئاسودەیی و ئارامکردنی ڕوحی هەیە ، ئەگەر تەنها بایەخ بە تێرکردنی لاشەی بدات و واز لە تێرکردنی دڵ و ڕوح بێنێت ، ئەوە ناتوانێت وەك مرۆڤێکی ئاسای بژیێت ، چونکە دڵ نەخۆش دەکەوێت هەر وەك چۆن لاشە نەخۆش دەکەوێت ، دڵ ژەنگ ولێڵ دەبێت وەك چۆن ئاوێنەو ئاسن ژەنگ و لێڵ دەبن ، دڵ تینو و برسی دەبێت وەك چۆن لاشە برسی و تینو دەبێت ، چارەسەر و پاك بونەوەی دڵ خواردن وخوادنەوەکەی ناسین وخۆشە ویستی و زکرکردنی خوای پەروەردگارە ، جا بۆ پاککردنەوەی دڵی خۆم ودڵی ئیوەش ئەم چەند دێڕەم نوسیوە کە خوێنەر بەدڵێکی ئامادەوە بیخوێنێتەوە سودی لێ دەبینێت . إن شاء الله . .

خۆشەویستانی خوا : زۆرێك لە خەڵکی پرسیاری ئەوە دەکەن ئایە چۆن مرۆڤەکان بەختەوەر دەبن و ، دور دەکەونەوە لە بێزاری و نەخۆشیە دەرونیەکان و ڕزگاریان دەبێت ، و ئەگەن بەخۆشبەختی و ئاسودەی و کامەرانی .

بەڵام خۆتان ئەزانن کەخەڵکانێکی زۆر خەریکی ئەم بوارانەن ، کە چارەسەری نەخۆشیەکانی نائارامی و دڵە ڕاوکێ بدۆزنەوە .

هەندێکیان ئەیگەڕێننەوە بۆ بیرنەکردنەوە لە ڕابردوو ، یا خۆخەریککردن بە یاری و وەرزش یا گوێگرتن لە گۆرانی ومۆسیقا یا شتی لاوەکی و نا شەرعی بۆ ئاسودەبونی ڕوح و دڵ و دەروونیان ، وەك سەیرکردنی فلیم و دراماکان ، یا شانازی کردنی بە جل و بە رگی مۆدێرن ، یا هەبونی دەوڵەمەندی ، یا شوێن هەواو ئارەزوویان بکەون چی نەفس داوای لێکردن ئەنجامی بدەن ...

بە لام بەداخەوە دەزانن نە ئەم ڕێگایانە و نە ڕێگاکانی تریش کە باسمان نەکردون ڕێگای ڕاستی ڕزگاربون و خۆشبەختی وکامەرانی و بەختەوەری نین .

بەڵام خوای کارزان (١٤٣٠) ساڵە چارە سەری ئەم هەموو دەرد و نەخۆشیانەی دیاری کردووە بۆمان کە هەستین ئەنجامی بدەین .

خۆشەویستان بزانن : لە خۆشەویستی خوا بۆ بەندەکانی ئەوەیە ، کە خۆشگوزەرانی دنیا و قیامەتی پێ ببەخشێ دوری بخات لە دڵتەنگی بێزاری .

بشزانن ئەو بێزاریەی خوا بە سەر هەندێ کەسدا ئەیهێنێ ، بەهۆی تاوانی بەندەکانەوەیە ، ڕوو وەردەگێڕن لە بەرنامەی خوا ئەگینا خوا ڕقی لە بەندەکانی خۆی نیە ، یا خەڵکانێ دەیانەوێ بەختەوەریان دەستکەوێ جگە لە ڕەزامەندی خوا .

ئەزیزان : ئەوانەی یادی خواناکەن ، بەردەوام دڵیان تەنگە و ژیانیان لابێ سودە ، خۆشگوزەرانی و بەختەوەری دنیایان لێ ئەبێتە گۆڕستان و ئازار پێوەی ئەناڵێنن لە گەڵ ئەم هەمو فراوانیە ، خەمو پەژارە دایان دەگرێت نامۆ و خامۆك ئەبن .

خوینەری ژیر : خەڵکی ولاَتانی دنیای دوور لە دین و یادی خوا بۆ بێزارن و خۆیان ئەکوژن ؟ چونکە ژیانیان لێ تەنگ بووە پاش ئەم هەمو فراوانی و نیعمەتەی کە هەیە ، بەهۆی دوورکەوتنەوە لە یادی خوا .

بۆ خۆکوشتن لە ولاَتانی بێ بڕوا زۆرە ؟ بۆچی خۆیان دەکوژن ؟ یان لە بەرزاییەکانەوە خۆفڕێدەدەنە خوارەوە ... ؟ ئایا شوێنی گەشتوگوزاری خۆشیان نیە ؟ ئایا مادەی بێ هۆش کەریان دەست ناکەوێ بیخۆن و بیخۆنەوە ؟ ئایا ولاَتی خۆشتریان دەست ناکەوێ سەفەری بۆ بکەن ؟ یان ڕێگای زیناکردنیان لێگیراوە ؟ یان جێگای رابواردنیان نییە ؟ ئەمانە بۆ بیزارن و پارك و بارەکانیان و تێرکردنی ئارەزووەکانیان جێ ئەهێڵن ومردن وخۆکوشتن هەڵدەبژێرن ؟ یان دەوڵەمەندنین و سەیارە وکۆمپانیای چاکیان نیە ؟ یا پلە پایەو دەسەلاَت و کورسیان نییە ؟ یا مامۆستای دەرون ناسیان نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارە دەرونیەیان ، نەخێر هەموشتێکیان دەست دەکەوێت و هەیانە ، بۆ نمونە یەکێ لەمامۆستا بەناو بانگ و دەرونناسانە کە خاوەنی نوسینێکی زۆرە لەم بوارانەدا کەناوی ( دیل کارنگی ) یە ، لە کۆتاییدا خۆی کوشتو چارەسەری خۆشی پێنەکرا چونکە ڕێگای بەختەوەری و ڕزگاربونی نەدۆزیبووە !؟ بەڵام ئەوە نەخوشی و دەردە کەیانە کە خوای گەورە باسی دەکات ودە فەرموێ : ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى ﴾ (طـه : ١٢٤) واتە : ئەوەی ڕوو وەرگێڕێ لە بەرنامە و یادی من بێگومان بۆ ئەو کەسانە ژیانێکی تاڵ وناخۆش تەسك وتەنگی هەیە : دڵی بەردەوام پڕە لە خەمو پەژارە : لە دنیادا ، لە دواڕۆژیشدا بەکوێری حەشردەکرێ .

هەر چەندە خاوەنی دنیاش بێ مرۆڤ هەرکە پەیوەندی لەگەڵ

خوا بچڕا دڵی تەنگە و بچوکە و بێ ئارامە هەرگیز تێر نابێ و ناحەسێتەوە ، دڵ تەنگی شوێنیان دەکەوێ بۆ هەر جێگایەك بڕۆن یا دانیشن ، بخۆن یا بخۆنەوە ، لەخەو دابن یا بەخەبەربن لە گەڵیاندایە ژیانیان لێ تاڵ دەکات تاکو دەمرن ؟ وە لە قیامەتیش زۆر زیاتر تۆڵە یان لێ دەسەندرێتەوە و عەزاب ئەدرین .

خوێنەری موسڵمان : ئێمە هەندێ جار ڕوو لە یادی خوا دەکەین ، هەندێ جار ڕوو وەردەگێڕین ، بێئاگای لە خوا باڵ دەکێشێ بە سەرماندا ، ئەوەش هۆکارێکە بۆ دڵە ڕاوکێ وبێ ئۆقرەی ، زۆر لە خەڵکی دەڵێن ، لە دڵە ڕاوکێدا دەژین و ئەمانەوێ ڕزگاربین لەم بارە دەرونیە بگەین بە ئاسودەیی و دڵنیای .

خوای میهرەبان ئاماژە دەکات ، کە یاد و زیکرم بکەن بۆ ئەوەی ئارامیتان پێببەخشم ، ئەوە ئەنجامی لە بیربونی ئەوە لە هەموکتێکدا ، وە لە هەمو تەنگانەیەك دەری دێنێت ، دڵ و دەرونی پڕ دەکات لە بەختەوەری و ئارامی .

برا و خوشکی ئەزیز : ئەی ئەو کەسانەی عەودالن وخۆ ماندودەکەن ، بۆ دۆزینەوەی ڕێگای بەختەوەری وکامەرانی ، ئەی ئەوانەی نەخۆشیە دەرونیەکان و، دڵە بێ ئارامە کانیان ڕێیانی لێگرتون لە بەختەوەری ، کە سەرگەردان بون ، بێ بەش بون لە دڵ ودەرون ئاسودەیی و ئارامی ، وریابە چارەسەری زۆر ئاسانە ، هیچ ماندوبون و خەرجێکی ناوێ ، ئەوەتا خوای میهرەبان چارەسەری ئەم نەخۆشیانەی داناوە فەرامۆشی نەکردووە ، دەی ئەم وتانە بکە بە چرایەك و ڕوناکی لێوەربگرە ، خوای پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ طُوبَى لَهُمْ وَحُسْنُ مَآبٍ ﴾ ( الرعد : ٢٨ ــ ٢٩ ) واتە : ئا ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا ئەو کەسانەن ، کە بڕوای چاك و بوختیان هێناوە ، هەر بە زیکر و یادی خواش دڵیاندا دەمەزرێ و ئاسودە وبەختەوەر دەبێت با چاك بزانن : هەر بەیادو زیکری خوا دڵەکان ئارام و ئۆقرە دەگرن ئاسودە ئەبن ، بۆیە باوەڕدارانیش دڵەکانیان هەردەم ئاسودە و دامەزراوە ، بەردەوارم لە خۆشی و بەختەوەری و ئارامیدا دەژین ، لەگەڵ ئەوەش بڕوایەکی چاکیان هێناوە ، کاروکردەوەی چاك ئەنجام ئەدەن ، وەلە پاشە ڕۆژیشدا خۆشترین ژیان و باشترین سەرئەنجامیان هەیە ، دەی مژدە بۆ ئەوانەی یادی خوا دەکەن بەختەوەری هەر بۆ وانە .

تاقیبکەوە ئەم زیکر کردنە : ئاخۆ چەندە هەست بە ئاسودەی و خۆشی دڵ ودەرونت ئەکەی دڵنیابە کە لە خۆشیدا ئەژی ، سەعادەت و بەختەوەری بە هۆی یادی خواوە ناگۆڕیتەوە بە هەمو دونیا .

یەکێ لە پیاوچاکان دەڵێ : ئەگەر خاوەن دەسەڵات دارەکان یان ڕۆڵە کانیان بیان زانیبا چی لە دڵەکانماندایە ، لە خۆشە ویستی خوا و چێژی ئیمان و، بەختەوەری و ئاسودەی و ئارامی ئەوە دڵەکانیان شەق دەکردین بە شمشیر !!

ئینجا خوا لە جێگایەکی تردا دەفەرمویت : ﴿ مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾ ( النحل : ٩٧ ) ، واتە : ئەوەی کاروکردەوەی چاکی کردبێ ، پیاو بێ یان ژن ، بەمەرجێ بڕواداربێ سوێند بەخوا بیـژێنین لە ژیانێکی کامەران و ئاسودەی لە دنیادا ، لە دوارۆژیشدا بەچاکتر لەوەی کە کردویانە پاداشتیان دەدەینەوە .

بزانن : ئەمە بەرهەمی کاروکردەوە و زکرکردنی خوای میهرەبانە ، دەی بۆ لەخەوی بێ ئاگایی بەخەبەر نەیەین ، با پرسیار لە خۆمان بکەین ، بەخۆماندا بچینەوە ، بۆ ئەوەی بگەینە سەعادەت و بەختەوەری ئەویش بەیادکردنی خوای گەورە دەبێت ، ئای دەست کەوتنی چەند ئاسانە ، خوا گیان دەفەرموێ : ﴿ فَاذْكُرُوا آلَاءَ اللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ ( الأعراف : ٦٩ ) ، واتە : دەی بەخششەکانی خوا بێننەوە بیرو سوپاسی خوا بکەن ، تاکو بەختەوەرو کامەران وسەرفرازبن ، کەواتە : هەر کەسێ یادی خوا بکات ئارامی وخۆشی دای ئەپۆشێ ، خوا ڕزگاری دەکات ، بەپێچەوانەوە کە دووربێ لە یادی خوا ، تورەبونی خوا چاوەڕێیەتی ، لە دڵەڕاوکێیدا دەژێت : ئەم مانایە لە فەرموودەوە هەڵێنجراوە .

ئیمانداران بزانن : کە مرۆڤ بەردەوام بوو لەسەر زکرکردن زیاتر هەست بە ئارامی و ئاسودەی دەکات ، دڵ ودەرونی ئەحەسێتەوە ، پەرروەردگار دەفەرموێ : ﴿ فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ ﴾ ( البقرة : ١٥٢ ) ، واتە : دەی موسڵمانان یادی من بکەن ، تامنیش یادی ئێوە بکەم ، وسوپاسی من بکەن بێ بڕوامەبن ، پشت لە بەرنامەکەم مەکەن .

سەرنج بدەن ، پەروەردگار بەجوانترین شێوە دروستیکردوین ، ئەندامەکانی پێ بەخشیوین ، وەك : گوێ چاو لوت زمان دڵ ... هتد ، دەبا بەدڵ و زمانمان یادی خوا بکەین ، چونکە خوا حەز دەکات کە نیعمە تێك بەکەسێك بەخشی ، بە بەندەکانیەوە دیاربێ و سوپاسی بکەی لەسەری ، جا داواکرم لە خوا زمانمان پاراو بکات بە یاد و زکری خۆی ، لە تاوان و کەم وکوڕیمان خۆشبێ .

**شالاو لطیف . ز.سلێمانی.ك. زانستە ئیسلامییەکان**

## بە درێژایی مێژوو لاڕێبوونی ئینسان و پەیدابوونی شیرك سەرچاوەكەی زیادەڕەوی كردن بووە لە حەقی پیاوچاكاندا

هەر لە سەرەتاوە خوای گەورە كە ( ئادەم و حەوا ) ی دابەزاند بۆ سەر زەوی هیدایەت و ڕێنمونی بۆ ناردن و دین و شەریعەتی بۆ دابەزاندن تاوەكو ئەو عیبادەت و پەرستنەی كە بۆی دروست بوونە جێ بەجێی كەن و ئەدای كەن ، وەكو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ قَالَ اهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَى وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى ﴾.( طه : ١٢ ــ ١٢٤ ) واتە : دوای ئەوەی كە خودا فەرمانی دا بەدابەزینی ( ئادەم و حەوا ) ، پاشان فەرموی : جاكە لە منەوە ڕێنمای و بەرنامەی ژیانتان بۆ هات پێویستە پەیڕەوی لەو بەرنامە بكەن و شوێنی ئەو دینە بكەون كە تەنها من بە خودا بپەرستن ، ئەوسا ئەوەی پەیڕەوی لەڕێنمایی من بكات و ئەو عیبادەتەی كەبۆی دروست بووە جێ بەجێ كات ئەوا نە لەدونیا گومڕا ئەبێ و سەرگەردان ئەبێ ، وە نەلە قیامەتش دوچاری بەدبەختی و سزا ئەبێ .

وە هەركەسیش لەو ڕێنمایی و بەرنامەی من ڕوو وەرگێڕێ و ئەو عیبادەتەی كە بۆی دروست بووە وازی لێ بهێنێ ، ئەوە لە دونیادا بەچارەڕەشی و ژینی تاڵ ژیان بەسەر دەبات ، وە لە قیامەتیش سزاو ئازاری بەئێش چاوەڕێی دەكات و بە كوێری خودا حەشری دەكات .

خوای گەورە ( ئادەم ) ی كرد بە نێردراو بۆ ئەوەی شێوازی عیبادەتەكە فێری وەچەكانی بكات ، بۆیە هەر لە یەكەمجار ژیان دەستی پێكرد تەنها خودا دەپەرسترا ، بۆیە دوای كۆمەكی كردنیان تەنها لە خوا بوو ، وە هەڵس وكەوتی ژیانیشیان هەر بەگوێرەی بەرنامەی خوابوو ، لەوەوە دەردەكەوێ كە هەموویان لەسەر دینی یەكخواپەرستی بوون كە « لا إلــه إلا الله » یە ، ئەویش بنەماو كۆڵەكەی سەرەكی دینی ئیسلامە . وەكو خودا دەفەرموێ : ﴿ كَانَ النَّاسُ أُمَّــةً وَاحِــدَةً ﴾ ( البقـرة : ٢١٣ ) . واتە : لەسەرەتاوە خەڵكی خاوەنی یەك دین بوون ، ئەویش ئەوە بوو كە عیبادەت و پەرستن تەنها بۆ خوا دەكراو شەریك و هاوبەشی بۆ دانەدەنرا .

وە ( عبدالله ) كوڕی ( عباس ) دەفەرموێ : " كان بين ءادم ونوح عشرة قرون كلهم على شريعة من الحــق ... " [1] واتە : لە نێوانی ئادەم و نوح دە سەدە بووە ، خەڵكی ئەو دە سەدە هەموویان لەسەر شەریعەتی یەكخواپەرستی حەق بوون .

لەماوەی ئەم دەسەدەیەدا خەڵكانێكی زۆر چاك و ڕوو لە خوا پەیدابوون كە بە جوانی و بە باشی ئەركی سەرشانی خۆیان جێ بەجێ كرد و لە پەرستنی خوا لاڕێیان نەنواند ، بە تایبەتی پێنج پیاوچاك لە ماوەی ئەم دەسەدەیەدا هاتنە ژیانەوە و بە خواپەرستی و عیبادەتەكانیان ناوبانگیان دەركرد و لە دڵی خەڵكیدا جێگای ڕێزو قەدربوون ، كە ناویان « ود ، سواع ، يغوث ، يعوق ، نسر » بوو ، جا كاتێك كە یەك لە دوای یەك مردن ، خەڵكەكە زۆر بە پەرۆش بوون بۆیان و بە مردنیان دڵ تەنگ بوون ، چونكە مانەوەی ئەمان هاندەربوو بۆ خەڵكی بۆ ئەوەی لەسەر دینداری بەردەوام بن ، جا شەیتانیش ئەمەی بە هەل زانی بۆیە وەسوەسەی خستە دڵی خەڵكەكەو هانیدان وگاڵی دان پەیكەر و وێنەی ئەو پیاوچاكانە دروست بكەن و لە دانیشگاو پەرستگاكانیاندا دایان بنێن بۆ ئەوەی وەكو ئەوان خوا پەرستی بكەن . وە خەڵكەكەش پەیكەرەكانیان دروست كردن و هەریەكەی بەناوی پیاوچاكەكەوە ناونرا . تاوەكو ئەو نەوە مردن و نەوەی تازە هاتن كە نەیان دەزانی باب و باپیرانیان بۆ چ مەبەستێك دروستیان كردبوون ، وە شەیتانیش جارێكی تر هەلی بۆ ڕەخساو وەسوەسەی خستە ناو دڵی ئەم نەوە تازەیە و وای تێگەیاندن كە پێشینەكانیان ئەم پیاو چاكانەیان كردبوو بە فریادگوزاری خۆیان و بە واسیتەی ئەوان داوایان لە خوا دەكرد و بەپەرستنی ئەوان لە خوا نزیك دەبوونەوە ، چونكە ئەم پێنجە پیاوچاك و لە خوا نزیك بوون ! بەم شێوەیە پلە بە پلە شەیتان ڕایكێشان بەرەو پەرستنیان و پەرستران و كران بە فریادگوزار لە غەیری خوا و بۆیە وایان لێ هات كە داوای كۆمەكی كردنیان لە پێنج پیاو چاكەكە بوو ، بەمەش عیبادەت و پەرستن لە خواوە گوازرایەوە بۆ غەیری خوا ، لەوەوە ئینسان دوچاری شیرك بوو لە عیبادەت و بەندایەتی دا .

بەڵگەش بۆ ئەوە ( عبدالله ) كوڕی ( عبــاس ) خوای لێ ڕازی بێ : لە تەفسیر و لێكدانەوەی ئەم ئایەتەدا : ﴿ وَقَالُوا لَـا تَــذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴾ ( نوح : ٢٣ ) . دەفەرموێ : " هَؤُلَاءِ رِجَالٍ صَالِحِينَ مِنْ قَوْمِ نُوحٍ فَلَمَّا هَلَكُــوا أَوْحَــى الشَّيْطَانُ إِلَى قَوْمِهِمْ أَنْ انْصِبُوا إِلَى مَجَالِسِهِمْ الَّتِي كَانُوا يَجْلِسُونَ أَنْــصَابًا

(١) طبري ١٩٤/١ ، والحاكم في مستدرك ٥٤٦/٢وقال صـحيح علـى شـرط البخاري ووافقه الذهبي .

وَسَمُّوهَا بِأَسْمَائِهِمْ فَفَعَلُوا فَلَمْ تُعْبَدْ حَتَّى إِذَا هَلَكَ أُولَئِكَ وَتَنَسَّخَ الْعِلْمُ عُبِدَتْ " [(١)] واتە : وە لەبنەڕەتدا ئەم پێنچ ناوە ناوی پێنچ پیاوچاکی قەومی نوح بوون ، کاتێك کە مردن ، خەڵکەکە زۆر بە پەرۆش بوون بۆیان و شەیتانیش ئەمەی بە هەل زانی بۆیە وەسوەسەی خستە دڵی خەڵکەکەو هانیدان پەیکەرو وێنەی ئەو پیاوچاکانە دروست بکەن و لە دانیشگاو پەرستگاکانیاندا دایان بنێن بۆ ئەوەی وەکو ئەوان خوا پەرستی بکەن ، وە خەڵکەکەش پەیکەرەکانیان دروست کردن و هەریەکەی بەناوی پیاوچاکەکە خۆیەوە ناونا . وە نەیان دەپەرستن ، تاوەکو ئەو نەوە مردن و نەوەی تازە هاتن کە نەیان دەزانی باب و باپیرانیان بۆ چ مەبەستێك دروستیان کردون . وە شەیتانیش جارێکی تر هەلی بۆ ڕەخساو وەسوەسەی خستە ناو دڵی ئەم نەوە تازەیەوەو وای تێگەیاندن کە پێشینەکانیان ئەم پیاو چاکانەیان کردبوو بە فریادگوزاری خۆیان و بە واسیتەی ئەوان داوایان لە خوا دەکردو بەپەرستنی ئەوان لە خوا نزیك دەبوونەوە ، چونکە ئەم پێنجە پیاوچاك و لە خوا نزیك بوون ! بەم شێوەیە پلە بە پلە شەیتان ڕایکێشان بەرەو پەرستنیان و پەرستران .

ئیتر وردە وردە خەڵکی جورئەتی ئەوەی بۆ دروست بوو ، خۆی بۆ خۆی چۆنی پێ خۆش بێ ئاوەها عیبادەتی خوا بکات ، بۆیە چەندەها بیدعە و زیادەڕەویان هێنایە ناو دینەوە ، بەمەبەستی نزیك بوونەوە لە خودا ، ئیتر وای لێهات تەنها ئەوە بەدین دادەنرا و پەیڕەو دەکرا کە خۆیان بە باشیان دابنایە و باب و باپیرانیان لەسەری بوونە . کەوابوو دین لەسەر بیروو بۆچوونی خەڵکی بنیات نراو دەست بەرداری دینداری ڕاستە قینە بوون ، هەڵبەت خەڵکانیش هەر یەکە بیروبۆچوون و بڕیارێکی هەیە و هەر یەکە شتێکی پێ باشە ، لەبەر ئەوە خەڵکی جیاوازی و پارچەپارچەییان تێکەوت و فرەڕێ بوون ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ ﴾ ( البقرة : ٢١٣ ) ، واتە : لەسەرەتاوە خەڵکی خاوەنی یەك دین وبیروباوەڕ بوون ئەویش ئەوە بوو کە عیبادەت بەتەنها بۆ خودا ئەو دەکرا ، ﴿ وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلَّا أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُوا ﴾ ( یونس : ١٩ ) . پاشان فرە ڕێ بوون و لاڕێ بوون لە عیبادەت و پەرستنەکەیاندا دروست بوو ، بۆیە جیاوازی و ناکۆکی کەوتە نێوانیان و لێکترازان ، جا بۆ ئەوەی خەڵکی بگەڕێتەوە بۆ ئەسڵ و بنچینەی عیبادەتی خوا و لەو لاڕێ بوونە ڕزگاریان بێ کە غەیری خودا نەپەرستێ : ﴿ فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ ﴾ ( البقرة : ٢١٣ ) بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرانی بۆ ناردن ، تاوەکو مژدەی بەهەشت بدەن بەو کەسانەی کە تەنها خودا دەپەرستن ، وە هەڕەشەی دۆزەخیش بدەن بەو کەسانەی کە غەیری خوا دەپەرستن . وە سەرای ناردنی ئەو پێغەمبەرانەش خودا: ﴿ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ ﴾ لەگەڵ هەر پێغەمبەرێکیش کیتابێکی ناردووە تاوەکو ئەو پێغەمبەرە ( سەلامی خوای لەسەربێ ) بەپێی ئەو کیتابە حوکم و دادوەری بکات لە نێوان خەڵکیدا و بە گوێرەی ئەو کیتابە ئەو جیاوازی و لێکترازانەی پێ چارەسەربکرێ .

جا دوای ئەوەی ئەو لاڕێ بوونە دروست بوو خوای گەورە یەکەمین پێغەمبەر کە ( نوح ﷺ ) بوو تا دواهەمین پێغەمبەرکە ( محمد ) ﷺ بوو بۆ ئەوە نێرراون کە ئەو کێشەیەی خەڵکی چارەسەرکەن لە عیبادەت و بەندەیی دا ، ئائەمە مەبەستی سەرەکی بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەران ﷺ بوو .

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾ ( النحل : ٣٦ ) . واتە : سوێند بێ بەخوا بۆ هەموو نەتەوە و میلەتێك پێغەمبەرێکمان ناردووە تاوەکو بانگی خەڵکی بکەن بۆ بەندایەتی کردنی خوای پەروەردگار کە تەنها ئەو بپەرستن ، و خۆیان بەدور بگرن لەتاغوت پەرستی . وە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ ﴾ ( الأنبياء : ٢٥ ) . واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، سەرجەم پێغەمبەرانی پێش تۆ کەناردوومانن و کتێبمان بۆ دابەزاندوون ، بنچینەو بناغەی بانگەوازەکەیان ئەوە بووە بانگی خەڵکی بکەن بۆ بەندایەتی کردنی زاتی ( الله ) کە تەنها ئەو بپەرستن ، وە تاوەکو بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە کەهیچ پەرستراوێکی شیاو بە پەرستن نی یە تەنها زاتی( الله ) نەبێ ، کەوابوو بەندایەتیش بە تەنها بۆ ئەو بکەن .

هەر بۆیە : بە درێژای مێژوو کێشە ومشتومڕ و ناکۆکی وگرفتی پێغەمبەران ( سەلامی خوایان لەسەر بێ ) لەگەڵ بێ باوەڕانی قەومەکانیان لەسەر ( خواپەرستی ) و ( هاوبەش پەرستی ) بووە ، نەك لەسەر ( خواناسی ) و ( خوانەناسی ) .

**د. کاوە ئەکرەم سەنگاوی . ك . پزیشکی . سلێمانی**

---

(١)صحيح البخاري – (١٥ / ٢٢٥)

# ئاواتی مردووەکان

الحمد لله وحدة ،والصلاة والسلام على من لا نبي بعده ،وبعد :

**لە ژیانی دونیا کاتێك شتێکمان لەدەست ئەچێ ئاواتی گەڕانەوەی ئەکەین ، کە ڕەنگە لە دەست چونی ئەو شتەخێری تیا بوبێت بۆمان بەڵام ئێمە بەخۆمان نازانین ، یان زۆرجار لە تاقیکردنەوەیك سەرکەوتوو نابین ئاواتی گەڕانەوەی کات ئەکەین لە کاتێکدا دڵنیاین دەرفەتی تر لە پێشمانە ، هەرکەسەو لە دونیا ئاواتی شتێك ئەکا کاتێکیش ئاواتەکەی بەدی نایەت گەر موسڵمان بێ ئەوا دڵتەنگ نابێ چونکە دەزانێ کەوا خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئاً وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ ﴾ ( البقرة : ٢١٦ ) واتە : ڕەنگە حەزتان لە شتێك بێ و پێتان خۆش بێت کەچی شەڕ و خراپ بێت و ئاکامەکەی باش نەبێت بۆتان ، بێگومان خوا خۆی دەزانێ چ شتێك چاکە و چ شتێك خراپە بەڵام ئێوە نازانن .**

**بەڵام ئاخۆ ئەو کاتانەی کە ئاواتی شتێك ئەخوازین و دڵنیاین لەوەی کە خێری تیایە بۆمان و لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیان لەوەی بەدی نایەت ، دەرفەتی دوبارە بوونەوەیشی نیە ، دڵنایش بین لەوەی بەدی نەهاتنی ئەو ئاواتە واتە بەدبەختی و ئازار چەشتن ، ئاخۆ حاڵمان چۆن بێت ؟ بڵێی ئەم جۆرە شتە ڕوو بدات ؟ بەڵێ ، لەناو قەبر ، ئەو کاتەی لە ژیانی دونیا بە سەرکەشی پیاسە دەکەین و کەمترین نرخ بۆ ئەو فەرمانانەی پەروەردگار دانانێین کە فەرزی کردوە لە سەرمان ، لەم کاتەدا کە مردن یەخەمان پێدەگرێ ئەوکات دەزانین کە چەن کەمتەرخەم بوین لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی پەروەردگار ، باشە مردوو دەبێ ئاواتی چی بخوازێ ؟ سەردان کردنی برادەرەکانی سەرجادە ؟ یان ئەنجامدانی موکالەمەیەکی تەلیفۆنی ؟ یان کێشانی جگەرەیەك ؟ یان .... هتد .**

**یەکەمین شتێك لەو ساتە وەختە ئاواتی بۆ بخوازین یەکەمین شتە کە لە دونیا یان هیچ نرخێکمان بۆی دانەناوە و جێبەجێمان نەکردوە یان هەر لەکۆڵمان کردوەتە ، ئەوەیش نوێژ کردنە . مردوو ئاوات ئەخوازێ بگەڕێتەوە بۆ ژیانی دونیا بۆ ئەنجامدانی دوو ڕکات نوێژ هەروەکو أبو هريرة فەرمویەتی :** " أن رسول الله ﷺ مر بقبر فقال: من صاحب هذا القبر ؟ فقالوا : فلان ، فقال : ركعتان أحب إلى هذا من بقية دنياكم ، وفي رواية : ركعتان خفيفتان مما تحقرون وتنفلون ، يزيدها هذا في عمله ، أحب إليه من بقية دنياكم " .

**بۆیە دەبینین یەکێك لەو ئاواتانەی دەیخوازێ گەڕانەوەیە بۆ دونیا بۆ ئەنجامدانی دوو ڕکات نوێژ بە مەبەستی زیاد کردنی چاکەکانی چونکە ئەوکاتە دڵنیایە چ ئاکامێك چاوەڕوانیەتی ، ئەمە لەکاتێکدا لە ژیانی دونیادا دەیتوانی ڕۆژانە سەدان ڕکات نوێژ بکات بە فەرز و سوننەتەوە بە شەو نوێژ و نوێژی چێشتەنگاوەوە ، دەیتوانی ئەم ئاواتە مەحاڵەی ئێستای لە دونیادا بێ تکلیف و بێ پارە بەدی بهێنێت ، چونکە بەدی هێنانی ئاواتی دوو ڕکات نوێژ لە دونیادا لە دەستی خۆمانە و کەس ناتوانێ ڕێگریمان لێبکات ، بەم شێوەیە زۆرێکمان ئەو ئاواتە ئاسانەی دونیا لە دوای مردن لەسەر خۆی قورسی ئەکاو ئەبێتە ئاواتێکی مەحاڵ . بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە بۆچی مردوو ئەو ئاواتە ئەخوازێ ؟ چونکە ئەو کاتە قەدری نوێژ و پلەی باڵای نوێژ ئەزانێ ، ئەوکات پەشیمانی ئەکێشێ لەو کاتانەی لەدەستی داوە لە نوێژ نەکردن و دورکەوتنەوە لە مزگەوت ، ئەوکاتە دەزانێ هەمو ئەو ساتانەی لە گەمە و گاڵتە و قسەی بێسەرو بەر بەسەری بردوە هیچ سودێکیان بۆی نیە لەوەی نەبێ سزاکەی سەخت تر ئەکەن ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ ئاواتی ئەو مردوە بۆ هاوەڵانی ئەگێڕێتەوە کە چەن بە ئاواتە بۆ ساتێکی کەمیش بێ دەرفەتی بدەن بگەڕێتەوە ژیانی دونیاو دوو ڕکات نوێژ بکات و تام و چێژی سوژدە بردن بکات ، هیچی ناوێ لە دونیا تەنها ئەنجامدانی دوو ڕکات نوێژ ( سبحان الله ) ئا لەو کاتەدا بۆی ئاشکرا ئەبێ کە دوو ڕکات نوێژ بۆی باشترە لە هەموو دونیا و ئەوەی تیایدایە ، چی لە دونیا بکات لە کاتێکدا زۆربەی کاتەکانی لە سەرپێچی کردنی پەروەردگار بەسەری بردبێ ؟ ئەو کاتە دڵنیا دەبێ لەو وتەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** " يتبع الميت ثلاثة فيرجع اثنان ويبقى معه واحد يتبعه أهله وماله وعمله فيرجع أهله وماله ويبقى عمله " ( متفق عليه ) .

**واتە : مرۆڤ کە مرد سێ شت بەدوایدا تا گورستان ئەڕۆن ، دوانیان لەقەبرەکەی بەجێی ئەهێڵن و ئەگەڕێنەوە**

کە منداڵ و دۆست و ماڵ و سامانەکەیەتی ، یەکێکیان لای ئەمێنێتەوە ئەوەیش کردەوەکانی ژیانی دونیایەتی .

لەو کاتەدا ڕاستی ئەو ئایەتەی بۆ ئاشکرا ئەبێ کە پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴾ ( الشعراء : ٨٩ ) واتە : ئەو ڕۆژەی کە نە ماڵ و سامان سودی هەیە و نە منداڵ و کوڕان بەکەڵك دێن مەگەر کەسێك بەدڵێکی ساغەوە بێتە حزوری خوا .

بۆیە ئاواتە خوازە دەرفەتی بدەن دوو ڕکات نوێژ بکات ، بەڵام حەق وایە لەخۆی بپرسێ ئاخۆ لە دونیادا خوای پەروەردگار مێشکی پێ بەخشیبو بۆ ئەوەی خۆی لەم حاڵە دەرباز بکات و بیر لەم ساتە وەختە بکاتەوە ؟ یان بۆ ئەوەی لە شتی خراپ و دورکەوتنەوە لە نوێژ بەکاری بهێنێت ؟ ئایە کێ ڕێگر بوو لە نوێژ نەکردنی ؟ هاوڕێکانی یان شەیتان یان خۆشیەکانی دونیا ؟ هیچ کامیان ! چونکە ئەم خۆی توند باوەشی بەواندا کردبوو لە کاتێکدا دەیتوانی دەرگاکەی بەڕویاندا دابخات و نەهێڵێ بێنە ناو ژیانیەوە .

بەڕاستی مرۆڤ بونەوەرێکی سەیرە دەزانێ لە دونیادا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " أول ما يحاسب به العبد يوم القيامة الصلاة فإن صلحت صلح سائر عمله وإن فسدت فسد سائر عمله " ( صححه الألباني في صحيح الجامع الصغير برقم : ٢٥٧٣ ) .

واتە : یەکەم شتێك کە لێپرسینەوەی بەندەی موسڵمانی لەسەر بکرێت لە ڕۆژی دواییدا نوێژە ، جا ئەگەر نوێژەکانی باش بوو ، ئەوا پەرستشەکانی تری باش دەبێت ، وە ئەگەر نوێژەکانی خراپ بوون ، ئەوا پەرستشەکانی تریشی خراپ دەبن

لەگەڵ ئەوەشدا بەدی هاتنی ئەو ئاواتە ئاسانە ئەخاتە دوای مردن و ئەیکاتە ئاواتێکی هەرگیز بەدی نەهاتوو . موسڵمانی بەڕێز زۆرێکمان ژیانی دونیای بەجێ هێشت و ئێستا ئەو ئاواتە ئەخوازێ و دڵنیایشە لەوەی کە هەرگیز بەدی نایەت چونکە دەیتوانی لە ژیانی دونیا بەدی بهێنێت ، لەپاش ئەوەی ئەو هەموو دەرفەتەی پێدرا کەچی هەر خۆی سور بوو لەسەر ئەوەی ئاواتەکەی بکاتە ئاواتێکی بەدی نەهاتوو . من و تۆیش نازانین کەی مردن یەخەمان پێدەگرێ دەسا با من و تۆش هەوڵ بدەین لە دونیادا پێش مردنمان ئەو ئاواتەمان بەدی بهێنین نوێژەکانمان بە ڕێك و پێکی و بە جوانی و لەکاتی خۆی ئەنجام بدەین. چونکە ئەگەر لە نوێژ گەران نەبین ئەوا وەك ئەوانەمان بەسەر دێت پەروەردگار لە بارەیانەوە ئەفەرموێت : ﴿ حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحاً فِيمَا تَرَكْتُ ﴾ . واتە : خوا نەناسان هەر درێژە بەکاری خراپە و بێ بڕوایی خۆیان ئەدەن تا کاتێ مردن یەخەی یەکە بە یەکەیان دەگرێ و ئەحواڵی ئاخیرەتی بۆ ئاشکرا ئەبێ ئەوکات ئەڵێ پەروەردگارم بمگێڕەوە بۆ دونیا بەڵکو ئەوکارە چاکەی کاتی خۆی لەدەستم چوو ئێستە بیکەم .
بەڵام لە وەڵامدا پێمان ئەڵێن : ﴿ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٩٩ ــ ١٠٠ ) واتە : نەخێر هەرگیز ئەو داخوازیە جێبەجێ نابێت ئەویش هەر ئەو قسەیەکە و ئەو بەناچاری دەیکات وە تا ڕۆژێ زیندو دەکرێنەوە بەربەستێکی زۆر گەورەیان لەپێشدایە و ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ دونیا ، واتە : هەرگیز ناگەڕێنەوە و هەر لە سزایشدا ئەبن .

ئەمە وەڵامە بۆ ئەو کەسانەی کە لەدونیادا سەرپێچی پەروەردگاریان ئەکەن و کەم تەرخەمی لەنوێژەکانیان ئەکەن ، جا بەر لەوەی بگەیتە ئەو ڕۆژەی تەوبەی تیا قبوڵ نەکرێ بگەڕێوە و تەوبە بکە . وە ناشبێ ئەوانەی کە نوێژ ئەکەن بە دوو ڕکات نوێژ لە خۆیان بایی بن چونکە لە ژیانی دونیا مژدەی ئەوە بەکەسمان نەدراوە کە نوێژەکانی لێ وەرگیراوە . ئەو ئاواتە بەدی نەهاتوەش تەنها بۆ ئەوانە نیە کە نوێژ ناکەن بەڵکو ئەوانەش دەگرێتەوە کە نوێژ ئەکەن بەڵام بە کەم و کوڕیەکی زۆرەوە کە وەکو نەکردنی وایە چونکە پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ ﴾ ( المؤمنون :١ ــ ٢ ) . واتە : بەڕاستی خەڵکانی خاوەن باوەڕ سەرکەوتو و سەرفراز و ڕزگارن ، چونکە خاوەنی ئەم سیفەتە بەرزانەن کە پەروەردگار لەبارەیانەوە ئەفەرموێ : ئەوانەن کە لە نوێژەکانیاندا خۆ شکێن و ملکەچن و هەردەم بە ترسەوە نوێژ ئەکەن و بەرامبەر بەخوا ئەهلی شەرمن .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " الصلاة ثلاثة أثلاث الطهور ثلث والركوع ثلث والسجود ثلث فمن أداها بحقها قبلت منه وقبل منه سائر عمله ومن ردت عليه صلاته رد عليه

سائر عمله " ( السلسلة الصحصحة : ٢٥٣٧ ) .

دەسا با هەمووما بەو شێوەیە نوێژ بۆ خوای پەروەردگار بکەین کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگەداری کردوینەتەوە وەك فەرمویەتی : " صلوا كما رأيتموني أصلي " . وە بەو شێوەیە خوا بپەرستین کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگەداری کردوینەتەوە وەك فەرمویەتی: " اعبد الله كأنك تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك " .

وە بەم قسەیەی زانای پایە بەرز ( ابن القيم ) کۆتایی بە باسەکەمان دێنم کە ئەفەرموێ : (( للعبد بين يدى الله عز وجل موقفان موقف بين يديه سبحانه وتعالى في الصلاة وموقف بين يديه يوم القيامة يوم لقائه فمن قام بحق الموقف الأول هون عليه الموقف الأخر ومن استهان بهذا الموقف ولم يوفه حقه شدد عليه ذلك الموقف )) .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**م.هاوار عبداللە.دەرچووی کۆمەڵایەتی**

## پەیوەندی ڕەوشت بە باوەڕەوە

اَلحَمْدُ للهِ الذي نَوَّرَ بِكِتَابِهِ القُلوبْ ، وأَنزلهِ بأَوجز لَفظٍ وأَعجزِ أُسلُوب ، والصلاة والسلام على نَبيهِ وعلى آله وأصحابه ومَن تَبِعَهم بإحسان الى يوم الحساب ، أما بعد :

ئیسلام ئاینێکی گشتی و هەمە لایەنە وە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە ، دەستوور وياسای گونجاوی بۆ هەموو لایەنەکان داناوە بەباشترین شێوە و ڕاسترین و جوانترین ڕێگە کە ئەمەش لە هیچ دینێکی تری جگە لە ئیسلام بەدی ناکرێت . لە چاکیەکانی دینی ئیسلام و گشتگیریی و تەواوێتی ، کە یەکێکە لە سیفەتە تایبەتیەکان وجیاکەرەوەکانی دینی ئیسلام کە هەموو مرۆڤی گرتۆتەوە ( لەش و مێشك وە ڕۆحی ) هەروەکو چۆن ڕەوشت و هەڵسوکەوت و هەستی گرتۆتەوە ، هەروەها دونیا و کۆتایشی گرتۆتەوە ، واتا نە لە خودی مرۆڤ وە نە لە ژیانی مرۆڤدا هیچ شتێك نیە ئیلا پەیوەندی بە عەقیدە و باوەڕی ئیسلامەوە هەیە وە عەقیدە و باوەڕی ئیسلامیش پەیوەندی پێوە هەیە .

لەو پەیوەندیانەش پەیوەندی ڕەوشت بە باوەڕو عەقیدەوە ، لەبەر ئەوە باوەڕ و عەقیدەی ڕاست هەموو ڕەوشتێکی چاك و بەرز پێویست دەکات پێوەی پەیوەستە ، لە گەڵ دوور بکەوێتەوە لە ڕەوشتی خراپ ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ڕەوشت پەیوەندی بە سێ بنچینە لە بنچینەکانی ئیمانەوە هەیە ، کە جێگای کۆبونەوە و هاودەنگی پەیامەکانی خودای پەرستراوە ، ئەویش بریتیە لە ( ئیمان بەخوا ، ئیمان بە پێغەمبەران ﷺ ، ئیمان بە ڕۆژی دوای و زیندوو بونەوە ) :

ئیمان بوون بە خوا : کاتێك موسوڵمان بە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی چاك و بەرزەوە دەجوڵێتەوە ، وە خۆی بە دوور دەگرێت لە ڕەوشتی خراپ باوەڕی وایە کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە و بە ڕەوشت بەرزیەوە ڕەفتار دەکات وەکو بەشێك لە ئیمانەکەی بە خوا ، وە لە پێویستیەکانی ئیمانە خوای گەورە ئەوەی لەسەر فەرز کردووە ، بەڵگەش لەسەر ئەوە بریتیە لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت " الإيمان بضع و سبعون شعبة أفضلها قول لا إله إلا الله و أدناها إماطة الأذى عن الطريق ، الحياء شعبة من الإيمان " ( صحيح مسلم ) ، واتە : ئیمان حەفتاو ئەوەندە بەشە ، گەورەترین بەشی ئیمان بریتیە لە وتن و کارکردن بە ( لا إله إلا الله ) جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی ، نزمترین بەشی ئیمانیش بریتیە لە لابردنی ئازار و ناڕەحەتیەك لە ڕێگاو جێگای خەڵکی کە زیانی هەیە بۆیان ، وە شەرم و شکۆیش بەشێکە لە ئیمان . دەبینین لابردنی ئازار و ناڕەحەتیەك لە ڕێگەی خەڵکی . کە لە ڕەوشتە بەرزەکانە . کردووە بە بەشێك لە ئیمان ، هەروەك زانایانی ئیسلام لە پەرتوکەکانیاندا باسیان لێوە کردووە وەك ( البيهقي ) لە " شعب الإيمان " ، چەندەهای تر ، هەموو ئەوانە ڕەوشتیان وەکو بەشێك لە ئیمان پۆلێن کردووە .

ئیمان بوون بە پێغەمبەری خوا ﷺ : پەیوەندی ڕەوشت بە ئیمان بە پێغەمبەرەوە ﷺ : موسڵمان ڕەوشت و ئاکاری بەرز و جوان دەنوێنێت ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگاداری کردوینەوە و ئامۆژگاری کردوین وە ئەوەی لە لایەنی خواوە بە ئێمە ڕاگەیاندووە ، ئەوەش بریتیە لەباوەڕ بوون بە پێغەمبەری خوا ﷺ ، نوندانی ئاکار و ڕەوشتی جوان لەبەر ئەوە فەرمانی خوایە لەڕێگەی پێغەمبەری خوا

**ﷺ بە ئێمە گەیشتووە كە بریتیە لە چاكە كردن و نزیك بوونەوە لە چاكە وە دووركەوتنەوە لە خراپە و خراپە كاری ، هەروەها ڕەوشت بەرزی و ڕەفتار جوانی وەك شانازیكردن بە پێشەوا و خۆشەویستمان پێغەمبەری خوا ﷺ كە خوای گەورە ناردوویەتی بۆ ئەوەی ڕەوشتە جوانەكان تەواو بكات ، ئەویش تەواوی كرد بە باشترین جوانترین و تەواوترین شێوە ، بۆیە ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ بریتی بوو لە قورئان ، بگرە قورئانێك بووە و ڕۆشتووە بەڕێوە .**

**ئیمان بوون بە ڕۆژی دوای : نواندنی ڕەوشت لە ڕوانگەی پاداشت یان سزای خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی ، موسڵمان ڕەوشتی جوان و ڕاست دەنوێنێت چاوەڕێی پاداشتی چاكەی خوای گەورەیە وە ڕێگەیەكە بۆ چونە بەهەشت ، وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت :** " عليكم بالصدق فإن الصدق يهدي إلى البر وإن البر يهدي إلى الجنة، وما يزال الرجل يصدق ويتحرى الصدق حتى يكتب عند الله صديقا " ( متفق عليه ) ، **واتە : ڕاستگۆ بن چونكە ڕاستگۆیی ڕێگە خۆشكەرە بۆ چاكە ، وە چاكەش ڕێگە خۆشكەرە بۆ چونە بەهەشت ، كەسێك هەیە كە بەردەوام دەبێت لەسەر ڕاست ووتن تاكو لەلای خوا بە ڕاستگۆ دەنووسرێت ، بەڵكو ڕەوشتی جوان هۆكارە بۆ نزیك بوون لە پێغەمبەری خودا ﷺ لە ڕۆژی قیامەت ، پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمووێت :** " إن من أحبكم إلي وأقربكم مني مجلسا يوم القيامة أحاسنكم أخلاقا " ( الصحيحة : ٧٩١ ) **واتە : خۆشەوسترین و نزیكترینتان لە من لە ڕۆژی قیامەتدا بە ڕەوشترینتانە ، موسڵمان لە هەموو ڕەوشتێكی ناشرین و خراپ دووردەكەوێتەوە ، لەبەرئەوەی لەڕۆژی قیامەتدا سزای لەسەر وەردەگرێت ، لەوانەشە كە هۆكارێك بێت بۆ چونە دۆزەخەوە . خوا پەنامان بدات . ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت :** " وإياكم والكذب ، فإن الكذب يهدي إلى الفجور ، وإن الفجور يهدي إلى النار ، وما يزال الرجل يكذب ويتحرى الكذب حتى يكتب عند الله كذاباً " ( متفق عليه ) ، **واتە : ئامان درۆنەكەن ، چونكە درۆكردن سەر دەكێشی بۆ خراپەكاری ، وە خراپەكاریش هۆكارە بۆ چونە دۆزەخەوە ، كەسێك هەیە كە بەردەوام درۆدەكات تاكو لەلای خوای گەورە بە درۆزن دەنووسرێت .**

**بەڵكو ڕەوشتی خراپ هۆكارە بۆ دوور بوون لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ لە ڕۆژی قیامەت ، پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمووێت :** " إن أبغضكم إلي وأبعدكم مني مجلساً يوم القيامة الثرثارون والمتشدقون والمتفيهقون " ( الصحيحة : ٧٩١ ) **واتە : وە ڕق لێبوترینتان لە لای من و دوورترینتان لە منەوە لە ڕۆژی دواییدا ، ئەوانەتانن كە فرەبێژن و چەقاوەسوون ، و ئەوانەشتان كە تەكەبوریان هەیە .**

**لە ئایەتە پیرۆزەكانی قورئان زیاتر دەردەكەوێت كە ڕەوشت پەیوەندی بە باوەڕو ئیمانی موسڵمانەوە هەیە :**

**خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاء مِّن نِّسَاء عَسَى أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ ( الحجرات : ١١ ) .

**وە فەرموویەتی :** ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ ﴾ ( التوبة : ١١٩ ) **و چەندەها ئایەتی تر .**

**لێرەدا دەبینین كە ڕەوشتی موسوڵمان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئیمانیەوە هەیە ، ئیمان بە خوا و ئیمان بە پێغەمبەرﷺ وە ئیمان بە ڕۆژی دوای ، پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرمووێت** " أكمل المؤمنين إيمانا أحسنهم أخلاقا " ( حديث صحيح ) **لە كۆتاییشدا دەڵێم** ( اللهم كما حسنت خَلْقَنا فحسن خُلُقَنا ) وصلى الله وسلم وبارك على من كان خلقه القرآن وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان .

**حیدر عدنان . كۆلێژی دەرمانسازی . هەولێر**

## ئەم زانا بەڕێزە بناسە

**ئیمامی نەوەویی : ناوی یحیى كوڕی شرف كوڕی موڕی كوڕی حسن كوڕی حسین كوڕی محمد كوڕی جمعە كوڕی حزام الحزامي الحوراني الدمشقي الشافعي ...**

**نازناوی ( أبو زەكەریا ) یە ، بۆ زانیاریت عەرەب بە كەسێك كە ناوی ( یحیا ) بێت نازناوی ( أبو زەكەریا ) دەدەن .**

**ئەم ئیمامە بەڕێزە دەڵێت : زانایان پێیان سوننەتە كە هەموو مرۆڤێك نازناوی هەبێت ، جا چ پیاو بێت یا ژن ، وە چ باوك بێت یان دایك ، وە یان كوڕ بێت یان كچ ...**

**ئایا تۆ نازناوت هەیە ؟!**

**زانست**

## سوونەت لە نێوان شوێنکەوتوانی و دوژمنانی دا

( بەشی کۆتایی )

برا و خوشکە خۆشەویستەکانم ، دوای ئەوەی باسی ئەوەمان کرد کە سوننەت ( السنة ) ی چەسپاو ( صحيح ) وەحی خوای پەروەردگارە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەروەها وەکو قورئان پارێزراوە ...

دووەم : گرنگترین هۆکار سوننەتە بۆ تێگەیشتن لە قورئان :

هەندێك فەرمان و داواکاری هاتووە لە قورئانی پیرۆزدا ، وە سوننەتیش هاتووە بۆ ڕوون کردنەوەی و درێژەی باسە کورتەکانی ، بۆ نمونە خودا فەرمانی کردووە بەوەی کە نوێژبکەین بە شێوەیەکی گشتی بەبێ وردەکاری : ﴿ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَارْكَعُواْ مَعَ الرَّاكِعِينَ ﴾( سورة البقرة : ٤٣ ) واتە : نوێژبکەن و زەکات بدەن و کڕنوش ببەن لەگەڵ کڕنوشبەران . جا خودا دەفەرموێت نوێژبکەن ، جا کە ویستمان نوێژ بکەین بەو شێوەی کە خودا پێی خۆشە و ڕازییە پێی ، وە بەو شێوەیەش بێت کە پێغەمبەری خودا ﷺ ئەنجامی داوە ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە لای سوننەتی پێغەمبەری خودا ﷺ ، هەر چۆن دەبێت بۆ زانینی چەند نوێژ لە ڕۆژێکدا یان لە هەر نوێژێکدا چەند ركعەت دەبێت بگەڕێینەوە لای سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .

جا بۆ ڕوون کردنەوەی نوێژ پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێك چووە سەر مینبەری مزگەوت و نوێژی کرد وە دواتر فەرمووی : " إنما فعلت ذلك لتأتموا بي و لتعلموا صلاتي فصلوا كما رأيتموني أصلي " ( رواه البخاري : ٦٠٠٨ ) . دوای ئەوەی نوێژی بەبەرچاویانەوە کرد فەرمووی : ئەو کارەم کرد بۆ ئەوەی بیکەن و فێربن جا چۆن نوێژم کرد ئێوەش ئەوها بیکەن .

یان بۆ حەج کردنیش فەرمان تەنها بە شێوەی گشتی هاتووە لە قورئاندا ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ شێوەکەی بە ووردی کردووە و باس کردووە کە دەفەرموێت : " خذوا عني مناسككم " ( أخرجه مسلم ٣٨/٤ ) . واتە : چۆنیەتی ئەنجامدانی حەجتان لە منەوە وەربگرن .

سێیەم : سوننەت هەندێك حوکمی قورئان دەگۆڕێت و سنوور دانەری گشتگیرەکانە : لەو بەڵگانەی کە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ئەم نموونەیە کە خودای گەورە ئەفەرموێت:

بۆ ئەوەی زاتر خزمەتت بکەین ، ڕاپرسیت دەکەین تکایە بە ڕەخنە و پێشنیار زانست دەوڵەمەندتر بکە:

تێبینی: ئەم پارچە پەڕەیە ببڕە و بەو کەسەی کە دەزانی دەیگەیەنێتە دەستمان ، بۆمان بنێرە ، یان وەڵامەکانت بە ئیمەیل بنیرە بۆ زانست ، پێشنیارت جێی گرنگیمانە.

١. ئایا زانست لەڕووی بابەتەکانیەوە چۆنە ؟ بەگشتی؟

٢. ئایا زانست لە ڕووی قەبارەوە و ژمارە ( عدد ) وە چۆنە؟

٣. پێت چۆنە بۆ ساڵی داهاتوو ، بابەتی بەشە جیاوازەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی ، بەوێنە( بیرکاری و کوردی و هندسە و پزیشکی و ئەدەبی...هتد) بۆ زیاد بکرێت؟ نیشانەی ڕاست لە نێو کەوانەیەك دابنێ...... سوپاس.

پێم باشە ( )

پێم باش نیە ( )

٤. گاریگەری زانست لە چ ئاستێكدایە ، لە ڕووی چاك سازی و ڕوناكبیر كردنی فێرخوازان و خوێنەرانی؟

٥. پێشنیارت چی یە بۆ زانستەكەت ؟

﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ ﴾ ( سورة البقـرة : ١٧٣ ) **واتە : خوای گەورە تەنها ئەمانەی حەرام كردووە لێتان كە بیخۆن : لاكی مردارەوەبوو ، خوێن ، گۆشتی بەراز ، وە ئەو سەر بڕاوانەی كە ـ بۆ سەربڕین ـ ناوی غەیری خوای لەسەر هێنرابێت وە ، ئیتر لەبەر بت یان جنۆكە یان پاشا یان شەخص یان پیر سەربڕابێت . جا لێرەدا باسی مردارەوەبوو بەگشتی دەكات ، بە پێی ئایەتەكە هەموو مردارەوەبوویەك حەرامە بخورێت !! هەروەها باسی خوێن بە گشتی هاتووە ، ئەگەر بەپێی ئایەتەكە بێت هەموو خوێنێك حەرامە بوخرێت !! بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوونی كردووەتەوە بۆمان بە پێی ئەم فەرموودەیە :** " أحل لنا ميتتان و دمان : فأما الميتتان فالسمك و الجراد ، و أما الدمان فالكبد و الطحال " ( أخرجه أحمد في المسند ٢/٩٨ ، و الشافعي في الرسالة ٢/٤٢٥ ، و ابن ماجة في السنن ٣٣١٤ ، والحديث صحيح ) . **واتە : دوو خوێن و دوو گۆشتی مردوومان بۆ حەڵاڵ كراوە : جا دوو مردارەوەبووەكە ماسی و كوللەیە ، وە دوو خوێنەكەش جگەر و سپڵە . كەوابوو سوننەت سنووری بۆ حوكمی قورئان دانا لە گشتی یەوە بۆ تایبەتی و هەندێ شتی لە حوكمە گشتیەكە دەرهێنا .**

**وە بەڵگەش بۆ ئەوەی سوننەت هەندێك حوكمی قورئان دەگۆرێت ئەمەیە ، خودا دەفەرموێت :** ﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ ﴾ ( البقـرة : ١٨٠ ) **واتە : لەسەرتان نوسراوە هەر كات كەسێكتان كەوتە سەرەمەرگ وە ماڵ و داراییەكی لەپاش خۆی بەجێ هێشت ، با وەسیەت بكات كە باوك و دایك و خزمانی هەریەكە و بەشی خۆی لێبیبات تا ببێتە مایەی خۆشەویستی و دڵخۆشكردنیان ، جا خەڵكانی خواناس و پارێزگار هەقە ئەم كارە بكەن . بەڵام لەم فەرمودەیەدا ئەو حوكمە گۆڕاوە كە وەسیەت نامە بەشی خزمانی تێدابێت كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت :** " إن الله أعطى كل ذي حق حقة ، فلا وصية لوارث " ( أحرجه أحمد في المسند ٤/١٦٤ ، و الترمذي في الجامع ٢١٢٢ ، النسائي في المجتبى ٦/٢٤٧ ، و ابن ماجة في السنن ٢٧١٢ ، و انظر صحيح الجامع للعلامة الالباني رقم ١٧٨٨ ) . **واتە : خودا حەقی حەقدارانی داوە ، جا وەسیەت پەسەند نیە بۆ میرات گر .**

**بیلال جەلال.پ.فیزیا.كەلار**

## یادخستنەوە

**خۆت لە شەش خاڵ بپارێزە جەستە و گیانت ئارام دەبێت** :

- خەم لە ڕابردوو مەخۆ .
- خەم لە شتێ مەخۆ كەپەیوەندی بەتۆوە نییە .
- عەیب لەخەڵكی مەگرە تۆش كەم وكوڕیت هەیە .
- داوای پاداشتێ مەكە لە شتێ كە ئەنجامت نەداوە
- بەئارەزوو تەماشای ماڵی خەڵكی مەكە .
- توڕەمەبە لەو كەسانەی كە بە توڕەبوون زیانیان پێ دەگات .

**باشترین** :

- زانیاری باشترین میراتە .
- ئەدەب باشترین پیشەیە .
- خواپەرستی باشترین توێشووە .
- كردەوەی چاك باشترین پێشەوایە .
- خووڕەوشتی جوان باشترین هاوڕێیە .
- نەرم ونیانی باشترین وەزیرە .
- قەناعەتی ئیش باشترین دەوڵەتە .
- مردنیش باشترین ئامۆژگارییە ..

**ووتەی جوان وشرین** :

هەركەسێك سود لە چاوی وەرنەگرێت ئەوا سودلە گوێشی وەرناگرێت .

بەندە پەروەردگارێكی هەیە دەبێت پیَ ی بگات ، ماڵێكی هەیە دەبێت تیایدا نیشتەجێ بێت ، بۆیە پێویستە لەسەری پەروەردگارەكەی لەخۆی ڕازی بكات پێش ئەوەی بگەڕێتەوە لای ، ماڵەكەشی ئاوەدان بكاتەوە پێش ئەوەی بگوێزرێتەوە بۆی .

إبن قیم ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرمووێت :

خراپ بوونی دڵ بەهۆی پێنج شتەوەیە :

- تێكەڵ بوونی خەڵكی .
- خۆزگە و ئاوات خواستن .
- پەیوەست ببون بەغەیری خواوە .
- زۆر خواردن .
- خەوتنی زۆر .

شیلان علی :ك. پ. چەمچەماڵ: كوردی

## مرۆڤ و هیوا

بوونی بەردەوامی هەر مرۆڤێك لە ژیان بەندە بەو هیوا یانەی كە لە ناخی دا بینای دەكات ، چونكە هەموو هیواییەك هەوڵ و تێكۆشانی دەوێت تاكو مرۆڤ بگات بە ئەنجام .

دیل كارنگی دەڵێت ( بێچارە ترین مرۆڤ لە سەر رووی زەوی ئەو مرۆڤەیە كە هیوایەك لەناخی دا بینا ناكات ، چونكە ئامانجەكان لە هیواكانەوە ڕەگ دا دەكوتن ) .

مرۆڤ هەر لەتەمنی منداڵییەوە كۆمەڵێك هیوا لە ناخی دا دروست دەبێت بەڵام ئەم هیوایانە وردە وردە لەگەڵ گەورە بوونی تەمەن دا لەناو دەچن ، بەڵام هیوا سەرەكییەكان لە تەمەنی لاوێتی یەوە دەست پێ دەكات، ئەوەی كە زۆر گرنگ و كاریگەرە زانینی باشترین و چاكترین هیوایە كە سود مەندی ژیانێتی دیاری بكات ، بەڵام زۆر جار ئەوەی كە ئێمە نیگەران دەكات واتا تووشی نیگەرانیمان دەكات واقعە كە پێچەوانەی هیواكانی ئێمەیە یاخود ئەو كۆسپ و بەربەستانەیە كە لە ڕێگاماندان ، بەڵام مرۆڤی سەركەوتوو هیچ كاتێك نیگەرانی ناكات بە بەشێك لە بیركردنەوەكانی وكو نیگەرانی لەو كێشانەی كە لە رابردوودا رووی داوە یاخود ئەو گیروگرفتانەی كە رەنگە لە داهاتوو دا رووبدات .

هەر وەكو ڕیچارد دڵفلاس دەڵێت (نە دیواری بەردین زیندان دروست دەكات ، نە شیشی ئاسنین قەفەز دروست دەكات ) .

مرۆڤی سەركەوتوو بە تەواوەتی لە ئێستای دا دەژی ، چونكە بیركردنەوە لە ڕابردوو یاخود داهاتوو ئێستامان لە كیس دەچێت ئێستا ئەم ساتە وەختە گەورەترین سامانی مرۆڤە بۆیە پێویستە هەموو توانا عەقڵی و فكریمان بە كاربهێنین تا بتوانین ئەو هیوایەی كە لە ناخمان دا هەیە بە ئامانج بگەیەنین .

دیار فتاح محمود

دارایی وژمێریاری . كۆلێژی تەكنیكی سلێمانی

## ئاکاری گفتوگۆ لە قورئان و سوننەتدا

یەکنەبوون و جیاوازبوون لە بۆچوندا کارێکی ناوەزە و مەحکوم نییە ، چونکە دەقەکانی قورئان لەتێگەیشتنی حوکمەکانیان داجیا دەبنەوە بۆ دوولایەن ..

یەکەمیان : قطعي الدلالة :

کە یەك واتای دیاریکراو دەگرێتە خۆی و قبوڵی تەئویل ولێکدانەوەی تر ناکات وەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ﴾ النور: ٢ ، واتا ( سەد قامچی بدەن لەهەریەك لەپیاوان وئافرەتانی زیناکار ) ، کەواتە نابێت (جلدة) لەسەد جار کەمتریان زیاتر بێت ، بەبێ جیاوازی ناتوانرێت لەسەر دەقەکانی پایەی ئیمان وئیسلام تەئویل ولێکدانەوەی جیاواز بکرێت ، بەڵکو ئەم پایانە چەند بنەمایەکی نەگۆڕن و دەستکارییان ناکرێت ..

دوومیان : ظني الدلالة :

یەك واتای دیاری کراوی هەیە بەڵام بۆی هەیە بەمانای تر لێك بدرێتەوە بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ ﴾ المائده: ٣ ، واتا ( لەسەرتان حەرام کراوە خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو ، وە خوێن ) ، لەباری حەرامی گۆشتی مردارەوەبوو ، ئەتوانرێت بگوترێت ئایا ئەو مردارەوە بووە ، گیانداری وشکانیە بەگشتی یان ووشکانی و ئاوییە ؟

بێگومان ئەگەر هەموو دەقە قورئانییەکان و فەرمووودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەشێوەی ( قطعية الدلالة ) بونایە ئەوا هەرگیز جیاوازی نەدەبوو ، ئەمەش حیکمەتێکی تری قورئانە ، کە خوای پەروەردگار بەو شێوەیە پێویستی کردووە ، ئەم جیاوازیەش حەرام نییە بەمەرجێك نەبێتە هۆی ناکۆکی و نەگونجان ونەفی کردنەوە .

بەڵام زۆرینەی موسڵمانانی ئەمڕۆ لایەنی نەشیاوی جیاوازییەکەیان گرتووە ، لەبەر ئەوە توشی ( مجادلة ) دەبن لەکاتی باسێکی لاوەکی دا کەقابیلی گفتوگۆیە ( الحوار ) ە ، کەواتە چەمکی ئەم دووزاراوە گرنگی زۆری هەیەو دەبێت ئیماندار لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەدا لەگەڵ بەرامبەری ئاگاداری ئەوە بێت کە پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ﴾ إبراهيم: ٢٤) ، واتە ( ئایە نەتانبینیوە ونەتانزانیوە چۆن خوا نموونە دەهێنێتەوە بەگوفتاری چاك وپاك ، کە وەکو درەختی چاك و بەردراوایە ، ڕەگی بەتوندی داکوتاوە لەزەویدا ، لق و پۆپەکانیشی بەئاسماندا بڵاوبۆتەوە ) .

خوای گەورەش بۆیە ئەم نمونانە دەهێنێتەوە تاکو مرۆڤەکان سوودی لێ ببینن وپەندی لێ وەربگرن ، نموونەی ووتەی ناشرینیش وەکو درەختێکی بۆگەن ورزیو وایەکە لە زەویدا ڕیشەکێش کرابێ وخۆی نەگرێ و ئەملاولا بکات .

بۆیە پێویستە خوشکان وبرایان لەکاتی قسەکردنیاندا ووشەی جوان وبەکەڵك بەکاربهێنن نەك ووشەی ناشرین چونکە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا﴾ البقره: ٨٣) ، واتە ( بەووتەی چاك وبەکەڵك لەگەڵ خەڵکدا بدوێن ) ، نەك وەکو هەندێك موسڵمان دەچنە سەنگەرلەیەك و ووتەی ناشرین بەرامبەریەك بەکاردێنن ﴿ وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنَ الْقَوْلِ وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ ﴾ الحج: ٢٤ ، واتە ( ئەوانەی ئیماندارن وکاری چاك دەکەن ئەوانە بەقسەی بەسوود و جوان ڕێنمویی کراون بۆ سەر ڕێبازی ئەو پەروەردگارەی کە شایستەی شوکروسوپاسە .

﴿ وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ﴾ المؤمنون: ٣ ، واتە ( ئەو ئیماندارانەی کەلە قسەی ناشرین بێ سوود بەدوورن وپشت هەڵدەکەن ) .

هەندێك موسڵمان لەکاتی ئاساییدا لەگەڵ برایەکی یان خوشکێکیدا کاتێ دەکەوێتە گفتوگۆ بێئاگا دەبێت لەوەی کە قسەدەکات وچی دەڵێت ، وا دەزانێت گوناه تەنها ( زیناو کوشتن و دزی یە ) ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت ( هل يكب الناس في النار على وجوههم إلا حصاد ألسنتهم ) رواه الترمذي ، واتە ( ئاخۆ خەڵکی هەر لەبەر زمانیان نییە کە لە دۆزخدان .

لەبەر ئەوە برا و خوشکی موسڵمان ( من كان يؤمن بالله واليوم الأخر فليقل خيرا أو ليصمت ) ، واتە ( ئەوەی ئیمانی بەخوا و بەڕۆژی دوایی هێناوە باقسەی بەخێر بکات یان بێ دەنگ بێت ) ، دیارە قسەکردن هەروا ئاسان نییە چۆن پێمان خۆش بوو بدوێین وچیمان ووت قەیدی نەکا ، بەپێچەوانەوە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ مَا يَلْفِظُ

مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴾ ق: ١٨ ، واتە ( هەر ووشەیەك لەدەمی مرۆڤەوە دەرچێت فریشتەیەك ئاگاداریێتی و لەسەری تۆماری دەكات) . كەواتە حەیفە مرۆڤی موسڵمان بێ ئاگابێت لەم بابەتە گرنگەكە ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت ( الكلمة الطيبة صدقة ) ، واتە ( دەربڕینی ووتەی جوان سەدەقەیە ) ، با موسڵمانان لەكاتی گفتوگۆیاندا پەنا بۆ جێبەجێ كردنی فەرمانە خواییەكان بەرن تاوەكو بتوانن توشی چاكەبن وبەرامبەریشیان قەناعەت پێ بكەن ، نەك (مجادلة) بكەن كە ڕێچكەیەكی پڕ لەدژایەتی و شەڕاویە ووشەی ( مجادلة_جدال_جدل ) لەبیست و نۆشوێنی قورئاندا هاتووە ، ئەوەتا خوا دەفەرمووێت ﴿وَجَادَلُوا بِالْبَاطِلِ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ ﴾ غافر: ٥ ، واتە ( مجادەلەیان لەگەڵ پێغەمبەرانیاندا تەنها بۆ ئەوەبوو تاهەق وڕاستی پێ ببەزێنن ) ، ئەو كەسانەی مجادەلە دەكەن دڵنیابن لایەكیان دەیانەوێت هەق وڕاستی ببەزێنن ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُنِيرٍ﴾ الحج: ٨ ، واتە ( لەناو مرۆڤەكاندا كەسی واهەیە بێ ئەوەی هیچ زانستێكی هەبێت وبێ ئەوەی هیچ سەرچاوە و بەڵگەیەكی (بەرجەستەی) هەبێت ئینكاری بەرامبەر خوا دەكات بەڵام ( محاورة_حوار_گفتوگۆ ) لەسێ شوێنی قورئان داهاتووە ، بە وشەی (محاورە) لە (٥٢٧) شوێنی تردا لەوشەی (قال-گوتی) هاتووە.

گفتۆگۆ لە قورئاندا پانتاییەكی بەرفراوانی داگیركردووە لە نموونەی ئەو بەرفراوانییە :

* گفتوگۆی نێوان خوای گەورە و پێغەمبەر ئیبراهم عليه السلام كاتێك كەداوای لەخواكرد ، پیشانی بدات كەچۆن مردوو زیندو دەكاتەوە .

* گفتوگۆی نێوان خوای گەورە و فریشتەكان لەبارەی دروست كردنی ئادەم عليه السلام .

* چیرۆكی موسا عليه السلام كەداوای كرد لەخوا كە بیبینێ .

* چیرۆكی عیسا عليه السلام كاتێ خوا پرسیاری لێ كرد ئاخۆ ئەوبوو داوای لە مرۆڤەكان كرد كە جگە لەخوا خۆی ودایكی (مریم) بەخوابزانن .

* گفتوگۆی چیرۆكی خاوەنی دوو بێستانەكە .

* چیرۆكی ئیبراهیم عليه السلام كاتێ ویستی كوڕەكەی سەرببڕێت .

* چیرۆكی دوو كوڕەكەی ئادەم .

* گفتوگۆی نێوان زلهێز و دەست و پێوەندەكانی لەڕۆژی قیامەت دا.

كاتێك دەبینین كە قورئان گرنگی زۆری بەگفتوگۆ داوە كە گرنگیەكی زۆری هەیە لەڕوونكردنەوەی هەڵوێست و دەرخستنی ڕاستیەكاندا ، توند و تیژیش شوێن وكەس وكات وهەڵوێستی خۆی هەیە ، كە ناتواندرێت دین بەمیانڕەوی یان توندڕەوی بەڵكو هەردوو باڵ جێكاری خۆیان هەیە .

لە كۆتایدا دەڵێین : بۆ گفتوگۆ كردن ئاگاداربە لەوەی كە :

* گفتوگۆ مانای پێداچوونەوەیە بەقسە وباسێك و مەسەلەیەك دا بەبێ هەڵچون وقسەی ناشرین بەیەك ووتن ..

* لەكاتی گفتوگۆ كردندا كات و شوێن و هەڵوێستی بەرامبەرەكەت لە بەرچاو بگرە ..

* لە گفتوگۆدا پلە و قۆناغە جیاوازەكان بەرجەستە بكە ..

* لە گفتوگۆتدا جۆری كەسەكە و ئاستی ووشیاری باری كۆمەڵایەتی ڕەچاو بكە ...

( هەریەك لەم خاڵانە بۆخۆی هەڵگری گفتوگۆیەكی زۆرە لەبەر ئەوە بۆ خوێنەری بەڕێزی جێ دەهێڵم ).

شنۆ علی:. ك. پ. چەمچەماڵ : كوردی

## زیكرێك فێردەبین

زیكری پێش دەست نوێژ:

بسم الله

زیكری دوای دەست نوێژ:

" أشهد أن لا اله إلا الله وحده لا شريك له ، و أشهد أن محمدا عبده و رسوله.

اللهم اجعلني من التوابين ، و اجعلني من المتطهرين.

سبحانك اللهم و بحمدك ، أشهد أن لا اله إلا أنت ، أستغفرك و أتوب إليك".

سەرچاوە (حصن المسلم ذكر رقم ١٣ و ١٤ و ١٥ )

زانست

## ئامۆژگاری لە ووتەی دانایان وزانایان

دەگێڕنەوە كە شەقیقی بەڵخی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) بە حاتەمی هاوڕێ ی ووت : ماوەیەكە هاوڕێ یەتیم دەكەییت چی لە منەوە فێربوویت ؟ حاتەم فەرمووی هەشت شت فێربووم :

* یەكەمیان تەماشای خەڵكیم كردهەركەسە و خۆشەویستی خۆی هەیە ، بەڵام كە گەیشتە قەبر خۆشەویستەكەی لێ دووردەكەوێتەوە ، من چاكەكانم دەكەم بەخۆشەویستم تاوەكو لە گۆڕدا لە گەڵمدا بێت ..

* تەماشای ئەم ئایەتە پیرۆزەی قورئانم كرد كە دەفەرمووێت ( ونهى النفس عن الهوى ) وام لێهات لە هەواو ئارەزووەكان دووركەومەوە و لەسەر گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار جێگیربم .

* ئەوەم بینی كە هەركەسێ شتێكی هەبێت كە نرخ داربێت لەلای خۆی ، هەڵی دەگرێت و دەیپارێزێت ، دوای سەیری ئەم فەرموودەیەی خوام كردكە دەفەرمووێت ( ماعندكم ينفذ وما عِنْدَالله باقٍ ) ئیتر هەرشتێكم دەست بكەوتایە بەهاداربوایە لە پێناوی خوادا بەكارم دەهێنا تاكو لەلای خوای گەورە پارێزراو بێت ..

* خەڵكیم بینی كە دەگەڕێنەوە بۆ سەروەت وحەسب و ڕێز تەماشاشم كرد بۆ ئەم فەرمووده پیرۆزەی خوای گەورە كە دەفەرموێت ( إنّ أكْـرَمَكُمْ عِنْـدَالله أتْقـاكُم ) ئیتر لەتەقوادا كارمكرد تاكو لەلای خوای گەورە ڕێزداربم .

* تەماشام كرد خەڵكی لەنێوان خۆیاندا حەسودی بەیەك دەبەن ، لە كاتێكدا خوای گەورە دەفەرموێت ( نحن قسمنا بينهم معيشتهم فى الحياة الدنيا ) ئیتر وازم لە حەسودی بردن هێنا ..

* تەماشام كرد خەڵكی دوژمنایەتی یەكتر دەكەن ، لە كاتێكدا خوای گەورە دەفەرموێت ( إن شيطان لكم عدو فاتخذوه عدوا ) ئیتر وازم لە دوژمنایەتی خەڵكی هێناو كەوتمە دژایەتی كردنی شیتان بەتەنها ..

* تەماشام كرد خەڵكی خۆیان زۆر خەریك كردوە بەبەدەست هێنانی رزق و رۆزییەوە ، لە كاتێكدا خوای گەورە دەفەرموێت ( وما من دابة فى الارض إلا على الله رزقها ) ئیتر خەریك بووم بە ئەو كارانەی كە لەسەرمە و سامانەكەشم وازلێ هێنا بۆ خوا ...

* خەڵكم بینی پشتیان بەستووە بە بازرگانی و دروستكراوەكانیان و تەندروستی لەشیان ، منیش پشتم بەست بە خوای گەورە ..

سیڤارعوسمان:ك. پ. چەمچەماڵ: ئینگلیزی

پاشماوەی بابەتی( یاد خستنەوە)

**شەش شت هەن كردەوەكان دەروخێنن :**

- خەریك بوون بەعەیبی خەڵكەوە .
- دڵ ڕەقی .
- خۆشەویستی دونیا .
- بێ شەرمی .
- هیوا درێژی .
- زوڵمێك كە بەردەوام بێت .

زراری كوری مورە فەرمووی : شەیتان ووتی : ئەگەر سێ شتم لەئادەمیزاد هێنایە دی ئەوە پێكاومە :

- ئەگەرتاوانی خۆی لەبیر چوویەوە .
- ئەگەر كاری زۆری هەبوو پێیانەوە سەرقاڵ بێت .
- ئەگەر بەڕەئی خۆی سەرسام وموعجیب بوو .

سێ ڕەوشت مانەوەیان بۆ نییە تاسەر لە دونیادا :

- سێبەری هەور .
- هاوڕێیەتی خراپە كاران .
- پیاهەڵدانی درۆزن .

شیلان علی :ك. پ. چەمچەماڵ: كوردی

نزا بۆ كەسێك كە جلوبەرگێكی نوێی پۆشی بوو:

" البس جديدا ، و عِش حميدا ، و مُت شهيدا" (انظر صحيح ابن ماجه ٢/٢٧٥). (البس جديدت) دوعای خێرە بەواتای تازە بپۆشی( و عِش حميدا) دواعای خێرە بەواتای بەسوپاس گوزاری بژیت.(ومُت شهيدا) واتا: كە مردیشی بە شەهیدی بمریت. ئەم دوعایە كاتێك بوو كە پێغەمبەری خودا عومەری كوڕی خطابی بینی جلێكی جوانی لەبەربوو ، جا فەرمووی ئەمە جلی تازەیە لەبەرتا یان شۆراوە ؟ فەرمووی بەڵكو شۆراوە ، جا پێغەمبەریش ئەم نزایەی بۆ كرد.

لە كیتابی (شرح حصن المسلم) وەرگێردراوە. زانست